Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.28

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Sakar Anwar Muhammed
sakaranwar880@gmail.com

RECEIVED :15 /04/2025
ACCEPTED :07/10/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

# ژینگەی قوتابخانە و پەیوەندی بە دەستکەوتی زانستی (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ئامادەییە حکومی و ناحکومییەکانی شاری هەولێر)

**ساكار انور محمد**/بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر ،هەرێمی کوردستان، عێراق
**أرام ابراهيم حسين**/بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر ،هەرێمی کوردستان، عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
ژینگەی قوتابخانە
دەستکەوتی زانستی،
قوتابخانە،
قوتابخانەی حکومی،
قوتابخانەی ناحکومی.

## پوختە

ئامانج لەم توێژینەوە زانینی ئاستی ژینگەی قوتابخانەی و پەیوەندی بە دەستکەوتی زانستی لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکانی قۆناغی ئامادەیی لە شاری هەولێرە. توێژینەوەکە بە ئاراستەی جەندایەتی و بە میتۆدی وەسفی بە ڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نمونە وەرگرتن ئەنجام دراوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکانی قۆناغی ئامادەیی بوو، کە بە گشتی (٧٢) قوتابخانەی حکومی و (٢١) قوتابخانەی ناحکومی بوون. بە ڕێگای نمونە وەرگرتنی هەڕەمەکی سادە نمونەیەکی (٤٥٠) کەسی لە قوتابیان وەرگیراوە دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە و جێبەجێ کردنی ئامرازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە، گرنگترین ئەنجامەکان بریتی بوون لەمانە: ئاستی ڕەزامەندی لە ژینگەی قوتابخانە لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە بەرزە، بەتایبەتی لە ڕەهەندی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کوالیتی فێربوون ئاستی ڕەزامەندییەکە بەرزترە. هەروەها ئاستی دەستکەوتی زانستی بە هەردوو ڕەهەندی (دەستکەوتی زانەکی و دەستکەوتی ڕەفتاری) لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە بەرزە. سەبارەت بە گۆڕاوی دیموگرافی لە گۆڕاوی دەستکەوتی زانستی بە پێی وڵامی بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە، دەستکەوتی زانستی لای ڕەگەزی مێ بەرزترە بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر. ئاستی خوێندەواری دایک و باوک کاریگەریەکی ئەوتۆی نیە لەسەر ژینگەی قوتابخانە و دەسکەوتی خوێندن. جیاوازی هەیە لە نێوان قوتابخانە حوکمی و ناحوکمیەکان لەروی ژینگەی قوتابخانە و دەسکەوتی زانەکی، بەڵام جگە لە دەسکەوتی ڕەفتاری کە بەڵگەدار نیە. ژینگەی قوتابخانە کاریگەری بەرچاوی لە سەر دەستکەوتی زانستی هەیە و هەرچەندە ئاستی ژینگەی قوتابخانە بە سەرجەم ڕەهەندەکانی بەرز بێت، ئەوا ئاستی دەستکەوی زانستیش بەرزتر دەبێتەوە. بۆیە زۆر گرنگە ناوەندە پەروەردەییەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان و ئاستی قوتابخانەکانیان بەتایبەتی لە قوتابخانە حکومیەکان گرنگی بە ژینگەی قوتابخانەش بدەن

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

ژینگەی قوتابخانە یەکێکە لە فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر دەستکەوتی زانستی و پەرەسەندنی فێربوونی قوتابییان، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستی ئەکادیمی و ڕەفتارییان درووست دەکات. ئەم ژینگەیە تێکەڵەیەکە لە هەموو ئەو ڕەهەندانەی کە لە پرۆسەی فێربووندا ڕۆڵیان هەیە، وەک ڕێکخستنی فیزیکی پۆل و قوتابخانە، شێوازی وانەوتنەوەی مامۆستایان، بەردەستبوونی سەرچاوەکانی فێربوون، هەروەها پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی نێوان قوتابی و مامۆستا. ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ژینگەی قوتابخانە دەتوانێت ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پەرەپێدانی لایەنەکانی کەسایەتی وەک متمانەبەخۆیی. بەڵام سەرەڕای ئەم گرنگییە، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان هەیە کە پێویستە بە شێوەیەکی تایبەت توێژینەوەیان لە سەر بکرێت، بەتایبەتی لە ئێستادا کە لە هەرێمی کوردستان تا دێت ژمارەی قوتابخانە ناحکومییەکان زیاتر دەبێت و وایکردووە خێزانەکان دابەش ببن بەسەر دوو لایەن، ئەوانەی ئاستی ماددیان باشە منداڵەکان لە قوتابخانەی ناحکومی بخوێنن و ئەوانەی ئاستی مادیان باش نیە منداڵەکانیان لە قوتابخانەی حکومی بخوێنن و بێگومان تا **ڕادەیەکی** بەرچاو ژینگەی ئەم دوو جۆر قوتابخانە جیاوازییان لە گەڵ یەکتر هەیە. لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدرێت ڕۆڵی ژینگەی قوتابخانە لە پەیوەستبوون بە دەستکەوتی زانستیدا لە ناو قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکانی شاری هەولێر بزانرێت، بە مەبەستی دیاریکردنی جیاوازی و لایەنە هاوبەشەکانی ئەم دوو سیستەمە و کاریگەرییان لە سەر ئاستی فێربوونی قوتابییان.

## ١. ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە:

### ١-١ کێشەی توێژینەوەکە:

بە گشتی لەم ساڵانەی دواییدا، لە ئاستی جیهانی گرینگیەکی زۆری بە دامەزراوە پەروەردەییەکان دراوە و قوتابخانە بە گرنگترین ژینگەی کارلێک و فێرکردنی قوتابیان دادەنرێ. هەر بۆیە زۆرێک لە وڵاتانی گەشە و بەرەوپێشچوونیان پەیوەست دەکەن بە بەرەوپێشبردنی سیستەمی پەروەردە. هەروەها گۆڕانکاری و چاکسازی بەرچاویان لە سیستەمی پەروەردە کردووە، بەتایبەتی لە ژینگەی قوتابخانە. لە هەرێمی کوردستانیش وەزارەتی پەروەردە جەخت لەسەر گرتنەبەری ئاراستە نوێیەکانی پەروەردە بۆ پەرەدان بە قوتابخانەکان و باشترکردنی ژینگەی فێرکردن و دەست گەیشتن بە پێداویستییە مرۆییەکان دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی کە دەردەکەوێت واقیعی قوتابخانە حکومییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی ژینگە و مامەڵە و پەیوەندی و سروشتیی خوێندن بە شێوەیەکی گشتیی، جیاوازە لەگەڵ واقیعی قوتابخانە ناحکومییەکان. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدات جیاوازی نێوان قوتابخانە حکومییەکان و قوتابخانە ناحکومییەکان و ژینگەی باڵادەستی نێوان ئەو دوو دامەزراوەیە بخاتەڕوو. بە ئامانجی زانینی سروشتی ژینگەی قوتابخانەیی و ئەو دەستکەوتە زانستییەی کە قوتابیان لە دوو شێوازی خوێندن لە قوتابخانە حکوميی و ناحکومییەکان بەدەستی دەهێنن، هەروەها توێژەر، لە میانی بەدواداچوونی بۆ قوتابخانە ناحکوميی و حکومییەکاندا، سەرنجی ئەوەی داوە کە ژینگەی قوتابخانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ و گرفت بوونەتەوە کە ڕەنگدانەوەی بەسەر دەستکەوتی زانستی دەبێ هەر بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم چەند خاڵە دەبینێتەوە:

1. کاریگەری ژینگەی قوتابخانە بەسەر دەستکەوتی زانستی لە قوتابخانە حکومییەکان و ناحوکمیەکانی شاری هەولێر چییە؟
2. جیاوازی چییە لە نێوان کاریگەری ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی لە قوتابخانە ناحکومییەکان و قوتابخانە حکومییەکانی شاری هەولێر.
3. ئەو فاکتەرە سەرەکییانە چین کە ڕۆڵیان هەبووە لە باشترکردنی ژینگەی قوتابخانەیی لە قوتابخانە ناحکومیی و حکومییەکانی شاری هەولێر.

### ١-٢ گرنگیی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگیی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە پەیوەستە بە گرفتێکی هەنوکەیی. وەکو هەر توێژینەوەیەکی دیکەی مەیدانی، لە دوو لایەنی تیۆری و مەیدانییەوە خاوەنی گرینگی تایبەت بە خۆیەتی کە لە خوارەوە تیشک دەخەینەسەری:

**یەکەم: گرنگی تیۆری:** لەڕووی تیۆرییەوە ئەم توێژینەوە بە زمانی کوردی تاوتوێی چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو دەکات ئەمەش دەبێتە هۆی پەرەدان بە مەعریفە و زانیاریی ئەکادیمی لە بواری ژینگەی قوتابخانە. ئەمەش بە هەنگاوێکی گرینگ دادەنرێت لە زیادکردنی توێژینەوەی زانستی بە زمانی کوردی و خستنەڕووی کۆمەڵێک سەرچاوە و ڕوانگەی تیۆری پەیوەست بەم بابەتە.

**دووەم: گرینگی مەیدانی:** ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی بابەتێکی گرنگ و هەنووکەیی دەکات لە دارشتنی سیاسەت و بەرنامەیەک بۆ باشترکردنی ژینگەی قوتابخانەیی لە هەردوو جۆری قوتابخانەکە ، بۆیە ئەم توێژینەوەیە لەڕووی مەیدانییەوە گرینگی پراکتیکی تایبەت بەخۆی هەیە کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

1. بەسوود دەبێت بۆ وەزارەتی پەروەردە و بەرپرسان و بەرنامە دارێژەرانی بواری فێرکردن بۆ دارشتنی سیاسەت و بەرنامەیەک بۆ باشترکردنی ژینگەی قوتابخانەیی لە هەردوو جۆری قوتابخانەکە، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی زانستی.
2. . دەبێتە بنەمایەک بۆ وەزارەتی پەروەردە و کۆمەڵێک ڕاسپاردەی کردەیی بۆ قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان دەخرێتەڕوو بۆ باشترکردنی ژینگەی قوتابخانە کە ئەزموونی پەروەردەیی قوتابیان بەهێز دەکا و ڕۆڵی دەبێ لە بەرزکردنەوەی کارڕاپەڕاندنی ئەکادیمیان.

### ١-٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

١. زانینی ئاستی هەر یەک لە رەهەندەکانی ژینگەی قوتابخانە و دەستکەوتی زانستی لای بەشدارانی نموونەکە

٢. بەراوردکردنی کاریگەری ژینگەی قوتابخانە بەسەر دەستکەوتی زانستی لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکانی شاری هەولێر.

٣. خستنەڕووی ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە (ژینگەی قوتابخانەو دەستکەوتی زانستی) بەگوێرەی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (رەگەز، پۆلی خوێندن، جۆری خوێندن، ئاستی خوێندەواری دایک و باوک).

٤. خستنەڕووی کاریگەری ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە

### ١-٤ ڕوونکردنەوەی چەمک و زاراوە زانستییەکان

**یەکەم: ژینگەی قوتابخانە (School environment):**

"( هابلن)" پێناسەی ژینگەی قوتابخانەی کردووە بەوەی بریتییە لە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی کە دامەزراوەیەک لە دامەزراوەیەکی دیکەی پێ جیا دەکرێتەوە، وەک شێوازی مامەڵەی ڕاهێنەرانی دەستەیەکی پەروەردەیی و فەلسەفەی ئەو دەستەیە و ئەو بارودۆخەی کە دامەزراوەکە دەیەوێ بەدییان بهێنێ (يحيناوي و ديب الله,2022: 671-673) .

ئەو ژینگەیەیە کە یارمەتیدەرە بۆ بەشداریکردن لە بەدەستهێنانی میتۆد، چ لە پۆل بێت یاخود لە دەرەوەی پۆل بە جۆرێک ئەزموونی قوتابیان دەوڵەمەند بکات و توانای داهێنان و بەهرە جۆراوجۆرەکان لە ژینگەیەکی تەندروست و ئاسودە بۆ قوتابیان پەرەی پێدرابێت(قمرالدين و خليفة,2010: 210-253).

مەبەست لە ژینگەی قوتابخانە لەم توێژینەوەیە؛ بریتیە لە کەشێکی پەروەردەیی کە لە ژێر سەرکردایەتیەکی کارا و نەرمونیان بەدی دێ، بە شێوەیەک تاکەکانی قوتابخانە ورەیەکی بەرزیان هەیە و پەیوەندیەکی مرۆییش باڵی بەسەر پرۆسەی خوێندن و پەروەردەدا گرتووە، لە کەشێکی ئاوادا ئامانجەکانی قوتابخانە و پێداویستی کارمەندان و قوتابیانیش و قوتابخانەکەش بەدی دێن.

**دووەم: دەستکەوتی زانستی(Academic achievement):**

دەستکەوتی زانستی ئاماژەیە بەو ئاستەی کە قوتابی لە خوێندن بەدەستی دەهێنێ و هەمیشە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و نمرەی ئەکادیمیەوە پێوانە دەکرێت، هەروەها دەستکەوتی زانستی لە ڕێگەی نمرەی بەدەستهاتوو پێوانە دەکرێت کە قوتابی لە تاقیکردنەوەکان بەدەستی دەهێنێ. هەروەها دەستکەوتی زانستی ئاماژەیەکی گرنگی سیستەمی خوێندن و توانای قوتابیە لە وەرگرتن و پەیڕەوکردنی ئەو مەعریفەیەی کە بەدەستی دەهێنێ .هەروەها چەمکی دەستکەوتی زانستی کۆمەڵێک پێناسەی بۆ کراوە، یەکێک لەوانە دەڵێ: "بریتیە لەو بڕە زانیاری و توانستەی کە قوتابی لە وانەیەک یا کۆمەڵە وانەیەک بەدەستی دەهێنێ، ئەو ئاستە توانست و زانیاریەش بەو نمرەیە دەپێورێ کە پاش تاقیکردنەوەکان بەدەستی دەهێنێ ( الخطیب,2004: 22). هەروەها لەپێناسەیەکی تردا "بریتییە لەو ژینگەیەی کە پرۆگرامە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی تێدا پێشکەش دەکرێ لە پێناو ئامادەکردنی ئەو فێرخوازانەی کە هەمیشە بە شوێن خوێندنەوەن، ئەوەش لە پێناو بەدەستهێنانی زانیاری و ئامادەباشیی بۆ پێشکەوتنە گرنگەکان ( عابدین,2001: 8).

ئەو ئاستەی کە کوالیتی چالاکییەکان یان بەرهەمەکانی قوتابیان لە ڕێگەی پێوەرێک یا چەند پێوەرێک هەڵدەسەنگێندرێت (Hattie, 2009: 23) هەورەها پێناسەدەکرێت بەوەی کۆمەڵێک زانیاریەکە قوتابی وەریدەگرێت لە میانەی پرۆسەی خوێندنی لەگەڵ کۆمەڵێک چالاکی و ئەرک کە مامۆستا پێیان دەسپێری پاشان هەڵسەنگاندنی کوالێتی کارەکانیان بۆ دەکات و بەراوردی دەکات.(York et al., 2015: 6) . یاخود بنەمایەکی بنەڕەتییە بۆ هەڵسەنگاندنی توانا و لێهاتووی کەسەکە، وە گوزارشت لە تێگەیشتنی قوتابی دەکات بۆ بابەتە پەروەردەیە هەمەجۆرەکان لە ڕێگای پراکتیزەکردنی شیکاری جێگر و دروست(Pekrun et al., 2007: 13)

لە میانی ئەو پێناسانەی کە خرایەڕوو لەم توێژینەوەیە دەستکەوتی زانستی، بریتییە لەو ئاستەی کە قوتابیانی نمونەی توێژینەوەکە لەو ماوەی ساڵی خوێندن بەدەستیان هێناوە.

هەروەها یەکێکی دیکە لەو زاراوانە کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەیە وشەی قوتابخانەیە. قوتابخانە(School) بریتیە لە شوێنی فێرکردن و خوێندن، دامەزراوەیەکە کۆمەڵگە لە پێناو پەروەردەکردن و فێرکردنی ئەوانەی دەچنە ئەوێ، دایمەزراندووە، لەسەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندندا، کۆمەڵێک قوتابی دەچنە ناو پرۆسەی خوێندن و تەواوکردنی خوێندن و پرۆسەی فێرکردن، بۆیە قوتابخانە هەوێنی کۆمەڵگەیە بۆ دروستکردنی نەوەیەک کە کۆتایی بەنەهامەتییەکانی کۆمەڵگە بهێنێ و شوێن پێی زانست و پێشکەوتن و شارستانیەت هەڵبگرێ( المطوري,2016: 15-20).

قوتابخانە بڕبڕەی پشتی سیستەمی پەروەردەی هەر وڵاتێکە و دەستەبەری ئەوەش کراوە کە هەموان مافی خوێندنیان هەبێت. لە سیستەمی پەروەردە کۆمەڵێک قوتابخانە لە لایەن حکومەت و دام و دەزگا فەرمییەکانیەوە بەڕێوە دەچن و بە قوتابخانەی حکومی دەناسرێت. لەم توێژینەوەیە قوتابخانە حکومییەکان (Government/public schools) بریتیە لەو قوتابخانانەی کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانن و سێ ئاستیان هەیە و بریتین لە: بنەڕەتیی کە لە (6) قۆناغ پێکهاتووە، ئینجا ناوەندی کە لە (3) قۆناغ پێکهاتووە، پاشان ئامادەیی کە لە (3) قۆناغ پێکهاتووە و خەرجیی ئەو قوتابخانانەش دەکەونە سەر ئەستۆی بودجەی دەوڵەت، لەو قوتابخانانە پرۆگرامێکی یەکگرتووی خوێندن دەخوێنرێ و پەیڕەوی سیاسەتی پەروەردەیی حکومەتە، خوێندن بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە ڕەخسێنراوە.

**قوتابخانە ناحکومییەکان(Non-government/private schools):** بریتیە لەو قوتابخانانەی کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەبرێن و پشتیوانی دەکرێن، هەروەها ئەو قوتابخانانە سەر بە حکومەت نین و لە پەیڕەوکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستەمی ئیداریدا نەرمونیانتر و ئازادترن. لە هەرێمی کوردستانیشدا، زۆرجار پرۆگرامی ئەو قوتابخانانە بە گوێرەی پرۆگرامی قوتابخانە حکومییەکان جێبەجێ دەکرێت و هەندێکیشیان پرۆگرامی جیهانیان تێدا دەخوێنرێ، جیاواز لەو پرۆگرامەی کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم دیاریکرادووە و هەندێ لەو قوتابخانانەش، بگرە زۆرینەشیان، بە زمانی ئینگلیزی خوێندنیان تێدا دەکرێ، لەم بارەیەوەپێناسەی زۆر بۆ قوتابخانەناحکومیەکان کراوە. (Wilson, 2017) پێناسەی کردووە بەوەی قوتابخانەی ناحکومی ئەو دامەزراوە پەروەردەییەیە کە لەلایەن کەرتی تایبەت یان ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە دادەمەزرێت و بەڕێوە دەبرێت، بە ئامانجی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەروەردەیی بەدەر لە سیستەمی پەروەردەی گشتی (Wilson, 2017, p. 89) .

لەپێناسەیەکی تردا ، قوتابخانەیەکە کە لەلایەن دامەزراوەیەکی تایبەت یان ناحکومیەوە بەڕێوەدەبرێت، ئازادی زیاتری هەیە لە دیاریکردنی پرۆگرامی خوێندن و شێوازی وانە وتنەوە، بەڵام دەبێت پابەند بێت بە ستانداردە گشتیەکانی پەروەردە کە لەلایەن دەوڵەتەوە دیاری کراون.(Martinez and Chen, 2022, p125-140)

لەم توێژینەوەیەدا پێناسەی توێژەر بۆ قۆتابخانەناحکومیەکان، بریتیەلەو قوتابخانانەی شاری هەولێر کەناحکومین ، لەلایەن کەرتی تایبەت و ئەهلییەوەدروستکراون و بەریوەدەبرین ، وەک نمونەیەی توێژینەوەبەشدارن لەتوێژینەوەکەدا.

## ٢. خستنەڕووی ڕوانگە تیۆرییەکانی توێژینەوەکە:

### ٢-١ ئاراستە تیۆرییەکانی ژینگەی فێربوون لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان

ژینگەی فێربوون ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پرۆسەی پەروەردە و فێربووندا. لەم توێژینەوەیەدا، دوو تیۆری سەرەکی دەربارەی ژینگەی فێربوون لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان شیدەکەینەوە.

**یەکەم: تیۆری پەروەردەیی ژینگەی قوتابخانەیی(Environmental Educational Theory of School)**

هێربێرت گریگۆری(Gregory Herbert (1947 –1978))، پەروەردەناسی ئەمریکی، تیۆرێکی گرنگی پێشکەش کردووە سەبارەت بە ژینگەی قوتابخانە کە کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر تێگەیشتنمان لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن. تیۆرەکەی (گریگۆری) جەخت لەسەر گرنگی دروستکردنی ژینگەیەکی فێربوونی گونجاو دەکاتەوە کە لەگەڵ پێداویستییە فیزیکی، هەستیاری، و دەروونییەکانی قوتابیان بگونجێت (Gregory, 2009: pp. 33-54). هێربێرت گریگۆری پێشنیاری ئەوەی کردووە کە دیزاینی ژینگەی قوتابخانە پێویستە لە چوار ڕەهەندەوە کورتبکرێتەوە:

1. **ژینگەی فیزیکی: ڕێکخستنی پۆل:** گۆڕینی شێوازی پۆل بەپێی چالاکییەکان (وەک بازنەیی بۆ گفتوگۆ، گرووپی بچووک بۆ کاری هاوگەڵ).

ڕووناکی و دەنگ: بەکارهێنانی ڕووناکی سروشتی و کۆنترۆڵی دەنگ بۆ ئارامی ژینگە. هەروەها بوونی سەوزایی و سروشت. بەکارهێنانی ڕووەک و دیمەنی سروشتی لە ناو پۆل و قوتابخانەدا بۆ کەمکردنەوەی سترێس و باشترکردنی تەرکیز.

2. **ژینگەی هەستیاری (فرەڕەهەندی):** بەکارهێنانی شێوازەکانی بینین، بیستن، و جووڵە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ جیاوازییەکانی قوتابیان. لە گەڵ ئەوەش بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پەروەردەیی بۆ دروستکردنی ئەزموونی فێربوونی کاریگەرتر و سەرنجراکێشتر.

3. **ژینگەی دەروونی: هەستی ئاسایش:** دروستکردنی کەشێک کە قوتابیان هەست بە ئاسایش و قبووڵکردن بکەن. ئەمەش بە ڕێگای دروستکردنی سیستەمێکی هاندان کە جەخت لەسەر هەوڵدان و پێشکەوتن بکاتەوە، نەک تەنها ئەنجامە کۆتاییەکان.

4. **ژینگەی کۆمەڵایەتی :کاری گرووپی:** هاندانی کاری هاوبەش و فێربوونی هاوتا. هەروەها دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لە نێوان قوتابی-مامۆستا و قوتابی-قوتابی.

جێبەجێکردنی تیۆری (گریگۆری) لە ژینگەی فێربوونی کوردستاندا: تیۆری پەروەردەیی ژینگەی قوتابخانەی (گریگۆری) دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ باشترکردنی ژینگەی فێربوون لە هەردوو جۆری قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە کوردستان . لێرەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەیە کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن:

١ .گونجاندن لەگەڵ کولتووری خۆجێیی:

لە کاتی جێبەجێکردنی بنەماکانی تیۆرەکەدا، گرنگە ڕەچاوی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردی بکرێت. لە توێژینەوەیەکدا لە ئێران ئەوە دەخاتەڕوو، گونجاندنی ئەم تیۆرە لەگەڵ بەها کولتوورییە خۆجێییەکان بووەتە هۆی سەرکەوتنی زیاتری پرۆگرامە پەروەردەییەکان(رضايي،٢٠٢١: ٣٤٥-٣٦٢). هەر بۆیە بە هۆی دراوسێ بوونی هەرێمی کوردستان ئەگەر ئەم تیۆرە بۆ کۆمەڵگای ئێرانی ڕاست بێت دەکرێت لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیدا بگونجێت لەبەرئەوەی کۆمەڵگای ئێران لەزۆر ڕووەوە لە هەرێمی کوردستانەوە نزیکە. بەڵام ئەوەی کە جیاوازی دروست دەکات دەکرێت بە هۆی سیستەمی خوێندنەوە بێت لەبەر ئەوەی لە کوردستان ساڵانە یا چەند ساڵ جارێ سیستەمێک تاقی دەکرێتەوە و

دواتر ئەو سیستەمانە بە هۆی ئەوەی زیاتر فیکریکی هاوردەن بە بێ ڕەچاو کردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و کۆلتوری کوردستان ئەوا سیستەمی دیکە تاقی دەکرێتەوە، بۆیە گرنگە هەر سیستەمێکی پەروەردەیی پەیڕەو دەکرێت پێشتر توێژینەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بخرێتەڕوو.

٢ .پەرەپێدانی پیشەیی مامۆستایان: جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی تیۆری گریگۆری پێویستی بە مامۆستای ڕاهێنراو و شارەزا هەیە. (عەزیز ,٢٠٢٢: ١٢٣–١٤٠). هەر بۆیە لە کوردستان ئەگەر بمانەوێت بنەماکانی ئەم تیۆرە پەیڕەو بکەین دەبێت ساڵانە خولی پەروەردەیی و ڕاهێنان بۆ مامۆستانا بکرێت.

٣ .بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا: تیۆرەکە گرنگی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دەدات بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی فێربوونی کاریگەر. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەیەک لە وڵاتی ئێران ئەوە دەخاتەڕوو کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ وەک تەختەی زیرەک و ئاپڵیکەیشنە فێرکارییەکان بووەتە هۆی زیادبوونی بەرچاوی ئاستی بەشداری و تێگەیشتنی قوتابیان(فرجی,٢٠٢٠: ٢٧٨–٢٩٥ ). بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و دابین کردنی ئەو ئامرازە پێویستی بە پاڵشتی مادیی هەیە کە لەم چەند ساڵە بە هۆی قەیرانی ئابووری نەتوانراوە وەک پێویست گرنگی بە لایەنی مادی لە سیستەمی پەروەردە بدرێت.

٤ .هاوسەنگی نێوان فێربوونی ئەکادیمی و پەرەپێدانی کەسایەتی: تیۆرەکە جەخت لەسەر گرنگی پەرەپێدانی کەسایەتی قوتابیان دەکاتەوە لە پاڵ فێربوونی ئەکادیمیدا. لە توێژینەوەیەکدا لە کوردستانی عێراق ئەوەی ئاشکراکرد، ئەو قوتابخانانەی کە هاوسەنگییان لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا ڕاگرتووە، ئەنجامی باشتریان بەدەست هێناوە لە هەردوو بواری ئەکادیمی و کۆمەڵایەتیدا ( سەلیم ,٢٠٢٣: ٥٦–٧٣).

٥ .بەشدارپێکردنی خێزان و کۆمەڵگا: ئەم تیۆرە گرنگی بە پەیوەندی نێوان قوتابخانە، خێزان و کۆمەڵگا دەدات. ئەو قوتابخانانەی کە بەرنامەی چالاکیان هەیە بۆ بەشداری پێکردنی دایک وباوکان و کۆمەڵگا، توانیویانە ژینگەیەکی فێربوونی کاریگەرتر دروست بکەن(کریمی ,٢٠١٩: ٨٩–١٠٥).

جێبەجێکردنی تیۆری (گریگۆری) لە ژینگەی فێربوونی کوردستاندا : تیۆری پەروەردەیی ژینگەی قوتابخانەی (گریگۆری) دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ باشترکردنی ژینگەی فێربوون لە هەردوو جۆری قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان لە کوردستان . لێرەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەیە کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن:

١. گونجاندن لەگەڵ کولتووری خۆجێیی: لە کاتی جێبەجێکردنی بنەماکانی تیۆرەکەدا، گرنگە ڕەچاوی تایبەتمەندییە کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردی بکرێت. لە توێژینەوەیەکدا لە ئێران ئەوەدەخاتەڕوو، گونجاندنی ئەم تیۆرەلەگەڵ بەها کولتوورییە خۆجێیییەکان بووەتە هۆی سەرکەوتنی زیاتری پرۆگرامە پەروەردەییەکان(رضايي،٢٠٢١: ٣٤٥–٣٦٢).

٢. پەرەپێدانی پیشەیی مامۆستایان: جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی تیۆری گریگۆری پێویستی بە مامۆستای ڕاهێنراو و شارەزا هەیە. (عەزیز ,٢٠٢٢: ١٢٣–١٤٠).

٣. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا: تیۆرەکەگرنگی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دەدات بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی فێربوونی کاریگەر.. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەیەک لە وڵاتی ئێران ئەوەدەخاتەڕوو کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ وەک تەختەی زیرەک و ئاپڵیکەیشنە فێرکارییەکان بووەتە هۆی زیادبوونی بەرچاوی ئاستی بەشداری و تێگەیشتنی قوتابیان(فرجی,٢٠٢٠: ٢٧٨–٢٩٥ ).

٤. هاوسەنگی نێوان فێربوونی ئەکادیمی و پەرەپێدانی کەسایەتی: تیۆرەکەجەخت لەسەر گرنگی پەرەپێدانی کەسایەتی قوتابیان دەکاتەوە لە پاڵ فێربوونی ئەکادیمیدا. لە توێژینەوەیەکدا لە کوردستانی عێراق ئەوەی ئاشکراکرد، ئەو قوتابخانانەی کە هاوسەنگییان لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا ڕاگرتووە، ئەنجامی باشتریان بەدەست هێناوە لە هەردوو بواری ئەکادیمی و کۆمەڵایەتیدا ( سەلیم ,٢٠٢٣: ٥٦–٧٣).

٥. بەشدارپێکردنی خێزان و کۆمەڵگا: ئەم تیۆرەگرنگی بە پەیوەندی نێوان قوتابخانە، خێزان و کۆمەڵگا دەدات. ئەو قوتابخانانەی کە بەرنامەی چالاکیان هەیە بۆ بەشداری پێکردنی دایک وباوکان و کۆمەڵگا، توانیویانە ژینگەیەکی فێربوونی کاریگەرتر دروست بکەن(کریمی ,٢٠٢٢: ٨٩–١٠٥)،.

## ٢-٢ خستنەروو و تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەی( عثمان, 2022) بە ناونیشانی (پەیوەندی ژینگەی فێرکردن بە دەستکەوتنی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە حکومی و تایبەتەکان لە بابەتی مێژوو ) ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دیاریکردنی جیاوازیی ژینگەیی فێرکردن لە نێوان قوتابخانەی حکومی و تایبەتەکان لە بابەتی مێژوودا، هەروەها دەرخستنی جیاوازی دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە نێوان قوتابخانە حکومی و تایبەتیەکان لە بابەتی مێژوودا. توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بۆ توێژینەوەکەی بەکار هێناوە.بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە پێویستی بە پێوەری ژینگەی فێرکردن بوو وە ژمارەی برگەکانی پێک هاتبوو لە (٤٣) برگە وە دابەشکرابوو بەسەر ٣ ڕەهەند، ئەوانیش (ژینگەی دەرونی، ژینگەی کۆمەڵایەتی و ژینگەی فیزیکی) دوای کۆکردنەوەی داتاکان و شیکردنەوەیان بە بەکارهێنانی بەرنامەی spss شیکرانەوە.کۆمەڵگای توێژینەوەکەش بریتییە لە قوتابیانی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی حکومی و تایبەت لەسەنتەری شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢.نموونەی توێژینەوە: کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بوو لە (٢٠٠) قوتابی حکومی و (١٠٠) قوتابی قوتابخانەی تایبەت پێک هاتبوو.

گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشت، جیاوازی بەهاداری ئاماری لە ژینگەی فێرکردن لە پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە نێوان قوتابخانەی حکومی و تایبەت لە بابەتی مێژوو هەیە. جیاوازیەکە لە بەرژەوەندی ژینگەی فێرکردنی قوتابخانە تایبەتەکان ئەوەیان سەلماند کەوا جیاوازی بەهاداری لە دەستکەوتی قوتابیانی قوتابی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە نێوان قوتابخانەی حکومی و تایبەت لە بابەتی مێژوودا نیە. پەیوەندی بەهاداری ئاماری لە ژینگەی فێرکردن بە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی حکومی و تایبەت لە مێژوودا نیە. ئەنجامەکان ئەوەیان سەلماندووە کەوا لە قوتابخانە حکومیەکان زۆربەی مامۆستایان تاکو ئێستا ڕێگای کۆن بەکار دەهێنن و کەم تەرخەمن لە بەکارهێنانی هۆکارەکانی وانەووتنەوە و فێرکردن بۆ بابەتی مێژوو.

### توێژینەوەی ( الخليفه،2009 ) بە ناونیشانی ( البيئة المدرسية و علاقتها بالتحصيل الدراسي لطلاب المرحلة الاساسي بمحلية المتمة)

ژینگەی قوتابخانە و پەیوەندی بە دەستکەوتی زانستی لای قوتابیانی قۆناغی بنەرەتی لە ناوچەی (المتمه)، ئامانجی ناسین و زانینی واقعی باوی ژینگەیی قوتابخانە. سەرباری ئەوەش ئاگادارکردنەوەی بەرپرسان لە بایەخ پێدان بە ژینگەی قوتابخانە لە گشت لایەکەوە و دابینکردنی گشت هەڵومەرجێکی بەردەست بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی چاوەڕوانکراو بێت. نموونەی توێژینەوەی پێک هاتووە لە مامۆستایانی ئافرەت و پیاو ، وە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لە قۆناغی بنەڕەتی لە ناوچەی ئاماژەپێکراو کە ژمارەیان پێک هاتبوو لە (١٠٢٤) مامۆستا لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە کە ژمارەیان بریتی بوو لە (٨٩) بەڕێوەبەر، واتا ئەو قوتابخانانە ژمارەیان ٨٩ قوتابخانە بوو کە توێژەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە هەڵبژاردبوون .توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە. بە پشت بەستن بە ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبینیکردن لەگەڵ مامۆستا و بەڕێوەبەر.لە توێژینەوەکەیدا توێژەر گەیشتووە بەو ئەنجامانە، کەل و پەل و پێداویستی قوتابخانە لە ناوچەی (المتمه) تەواو نەکراون بەپێی هەڵ و مەرجە پەروەردەیەکان ئامادەنەکراون. چالاکی قوتابخانەیی لەم قۆناغەدا ئەنجام نادرێن وەک شانۆ و بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی قوتابخانە بوونی نیە، ژمارەی مامۆستایان کەمە، گۆڕەپان و یاریگای پێویست بۆ ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی تەواو نەبووە، هەروەها بایەخ بە ژینگەی قوتابخانە نەدراوە. هیچ یەکەیەکی چارەسەر کردن و مزگەوت لە قوتابخانە بوونی نیە.

### توێژینەوەی (Kunwar,2021) بە ناونیشانی (خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە لە نێوان قوتابخانە حکومی و تایبەتەکان لە قوتابخانە ئامادەییەکانی نیپاڵ)

ئەم توێژینەوەیە ماستەرنامەیەکە پێشکەش بە کۆلیژی پەروەردە و لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی ئۆسلۆ لە نەرویج کراوە. ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی هۆکاری جیاوازییە لە نێوان خوێندنی حکومی و خوێندنی تایبەت لە قوتابخانە ئامادەییەکانی وڵاتی نیپاڵ. لە توێژینەوەکەدا چوار ئامانج دەستنیشانکراون. یەکەم ئاستی خوێندن لە ئامادەییە حکومییەکان باشترە یان لە ئامادەییە تایبەتەکان. دووەم دیاریکردنی هۆکارەکانی ئەو جیاوازییە، سێهەم بەراوردی سەرچاوەکانی قوتابخانە حکومی و تایبەتەکان و چوارەمیش پاڵنەرە جیاوازەکانی مامۆستایانی قوتابخانە حکومی و

تایبەتەکان .

توێژینەوەکە توێژینەوەی لێکۆڵینەوەی حاڵەتە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە شاری رامچاپورە لە وڵاتی نیپاڵ. نموونەی توێژینەوەکەش 8 قوتابی ئامادەیی و 8 مامۆستای ئامادەیی دەگرێتەخۆ. لەگەڵ 8 دایکوباوک و 2 بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایەکی راهێنەر. توێژەر بۆ کۆکردنەوەی داتاکان پشتی بە چاودێری راستەوخۆی قوتابخانەکان، فۆرمی راپرسی و شیکردنەوەی داتاکان بەستووە. بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکە ڕێژەی دەرچوون لە قوتابخانە تایبەتەکان 100% بووە لە کاتێکدا ڕێژەی دەرچوون لە قوتابخانە حکومییەکان لە نێوان 48% تا 54% بووە. ماوەی توێژینەوەکە سێ ساڵی خایاندووە. ئەوەش جیاوازییەکی گەورە لە نێوان هەر دوو قوتابخانەی حکومی و ناحکومی دەردەخات، کە ئاستی قوتابخانە تایبەتەکان زۆر بەرزتر بووە لە قوتابخانە حکومییەکان. هەورەها شەش مامۆستا لە هەشت مامۆستای نموونەی توێژینەوەکە ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئاستی خوێندنی قوتابخانە تایبەتەکان لە رووی کوالیتی خوێندنەوە زۆر بەرزترە لە قوتابخانە حکومییەکان. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دابینکردنی مووچەی مامۆستایان، هۆیەکانی فێرکردن و کارگێڕی قەتابخانە.

لە توێژینەوەیکەی (عثمان، ٢٠٢٢) گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە لەم توێژینەوەی ئێمە نزیکە و هەمان میتۆد بۆ کردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەکار هاتووە. هەروەها کۆمەڵگای توێژینەوەکە تا ڕادەیەک هاوشێوەن بەڵام لە توێژینەوەکەی (الخليفه، ٢٠٠٩) کۆمەڵگای توێژینەوەکە تا ڕادەیەک جیاوازە و ستافی ئیداری و بەڕێوەبەران وەرگیراوە، بەڵام میتۆدی وەسفی بەکار هاتووە. توێژینەوەی (Kunwar, 2021) جیاواز لە توێژینەوەکانی دیکە ئاراستەی چۆنایەتی بەکار هاتووە. ئەنجامەکان لە بەرژەوەندی قوتابخانە تایبەتەکان بوون، دەمانهەوێت بزانین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە چۆن دەبێت و لە گەڵ کام لەم توێژینەوانە ئەنجامەکان نزیکە و لە گەڵ کامەیان پێچەوانەیە.

## ٣. چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:

### ٣-١ میتۆدی توێژینەوەکە – Study Method:

ئەم توێژینەوە بە ئاراستەی چەندایەتی (Quantitative Approach) ئەنجام دراوە. (کریسوێل، 2003) پێی وایە ئەم ئاراستەیە پارێزگاری لە پارادایمی ئەزمونگەری دەکات، واتە توێژینەوەکە سەربەخۆ دەبێت لە توێژەر بە هۆی بەکارهێنانی داتا و ئامار بۆ پێوانەکردنی بابەتێکی واقعی، ئەمەش وادەکات توێژەر بە بێ لایەنی بمێنێتەوە ( Mahmood and Anwar,2024: 64 and Saeed & Ahmed, 2018: 23). هەروەها میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی وەسفی بە ڕێگەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە، کە تێیدا ئامار و داتاکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کۆدەکرێتەوە و بە شێوەی خشتە و وێنە دەخرێتەڕوو.

### ٣. ٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (Community):

کۆمەڵگای توێژینەوە کۆی گشتی یەکەکانی توێژینەوەیە، کە توێژینەوەیان لەبارەوە دەکرێت، و کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکانی شاری هەولێر کە لە وێنەی خوارەوە کۆمەڵگای توێژینەوەە پیشان دەدریت.




**وێنەی (١): کۆمەڵگای توێژینەوەکە روون دەکاتەوە**

### ٣. نموونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوەکە لە (450) قوتابی پێکهاتبوو کە تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

**یەکەم: تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان:**

١. رەگەزی نموونەکە: وەکو لە خشتەی (1) دەردەکەوێت (45.3) لەسەدی نموونەکە لە رەگەزی نێر و (54.7) لەسەدە لە رەگەزی مێ بوو.

٢. پۆلی خوێندن: خشتەی (1) نیشان دەدات کە (35.8) لەسەدی نموونەکە پۆلی دەیە، (32.2) لە پۆلی یازدەو هەروەها (32) لە پۆلی دوازیە.

٣. جۆری قوتابخانە: خشتەی (1) نیشان دەدات کە (50) لەسەد لە بەشدارانی نموونەکە لە قوتابخانەی حکومەتین و لە بەرانبەردا (50) لەسەد لە قوتابخانە ناحومییەکان.

خشتەی (1): زانیارییە تاکەکەسییەکانی نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافیک | | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 204 | 45.3 |
| | مێ | 246 | 54.7 |
| | کۆی گشتی | 450 | 100.0 |
| پۆلی خوێندن | پۆلی دە | 161 | 35.8 |
| | پۆلی یازدە | 145 | 32.2 |
| | پۆلی دوازدە | 144 | 32 |
| | کۆی گشتی | 450 | 100 |
| جۆری قوتابخانە | حکومی | 225 | 50.0 |
| | ناحکومی | 225 | 50.0 |
| | کۆی گشتی | 450 | 100.0 |

**دووەم: زانیارییە خێزانییەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

١. ئاستی خوێندەواری دایک: خشتەی (2) نیشان دەدات کە (20.0) لەسەدی نموونەکە دایکیان نەخوێندەوارە، (31.3) لەسەد بنەڕەتی، (22.2) لەسەد ئامادەیی، (20.2) لەسەد پەیمانگە و زانکۆ، (6.3) لە ئاستی خوێندنی باڵادان.

٢. ئاستی خوێندەواری باوک: خشتەی (2) نیشان دەدات کە (9.3) لەسەدی نموونەکە باوکیان نەخوێندەوارە، (27.3) لەسەد بنەڕەتی، (22.4) لەسەد ئامادەیی، (28.9) لەسەد پەیمانگە و زانکۆ، (12.1) لە ئاستی خوێندنی باڵادان.

٣. ئاستی ئابووری: وەکو لە خشتەی (2) دەردەکەوێت؛ (43.7) لەسەدی نموونەکە وتوویانە کە ئاستی ئابووریان باشە، (53.6) لەسەد پێیان وایە ئاستی ئابوورییان مامناوەندە و هەروەها (2.7) دەڵێن کە ئاستی ئابووریان خراپە.

خشتەی (2): زانیارییە خێزانییەکانی نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافیک | | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندەواری دایک | نەخوێندەوار | 90 | 20.0 |
| | بنەڕەتی | 141 | 31.3 |
| | ئامادەیی | 100 | 22.2 |
| | زانکۆ و پەیمانگە | 91 | 20.2 |
| | خوێندنی باڵا | 28 | 6.3 |
| | کۆی گشتی | 450 | 100.0 |
| ئاستی خوێندەواری باوک | نەخوێندەوار | 42 | 9.3 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | بنەڕەتی | 123 | 27.3 |
| | ئامادەیی | 101 | 22.4 |
| | زانکۆ و پەیمانگە | 130 | 28.9 |
| | خوێندنی باڵا | 54 | 12.1 |
| | کۆی گشتی | 450 | 100.0 |
| ئاستی ئابووری | باش | 197 | 43.7 |
| | مامناوەند | 241 | 53.6 |
| | خراپ | 12 | 2.7 |
| | کۆی گشتی | 450 | 100.0 |

## ٤. ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوەکە:

### ٤-١ شیکردنەوەی فاکتەری فاکتەری پشتڕاستکراوە(conformity factor analysis – CFA)

بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە هەر یەک لەو برگانەی کە بۆ پێوانەکردنی هەر گۆڕاوێک دەست نیشانکراون باری ئاماریی پێویستی لەسەر گۆڕاوەکەی هەیە و دەتوانێت پێوانەی بەشێک لەو گۆڕاوە بکات، دەتوانین سوود شیکردنەوەی فاکتەری پشتڕاستکراوە (conformity factor analysis – CFA) وەربگرین ( Ahmed & Barzinchi, 2024: 309). (بڕوانە وێنەی ژمارە(١).

لەم پەیوەندییەدا برگەکانمان بە گوێرەی لایەنی تیۆری لە نێو پرۆگرامی ئامۆس (AMOS) جێگیرکرد و پێوەرەکانی "گونجاوبوونی فیت" (Goodness- of- Fit) لەسەر مۆدیلەکەیان جێبەجێکرد و لە هەر یەک لە پێوەرەو رەهەندەکاندا ئەو برگانەی کە باری ئاماری پێویستیان لەسەر رەهەندەکەی خۆیان نەبوو (بڕوانەی خشتەی) سڕانەوە کە بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:

١. لە پێوەری ژینگەی قوتابخانە؛ برگەکانی (٢، ٤، ٧) لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، برگەی (٤) لە ژینگەی فیزیکی، برگەی (٦) لە کوالیتی فێربوون.

٢. لە پێوەری دەستکەوتی خوێندن؛ برگەی (٤) لە رەهەندی دەستکەوتی رەفتاری. .

بەم شێوەیە دوای سڕینەوەی ئەو برگانەی کە باری ئاماری پێویستیان نەبوو وەکو لە خشتەی (3) دەردەکەوێت، (CFI=0.908>0.90) (RMSEA=0.049<0.08) و (CMIN=2.091<3) و (PNFI=0.764>0.60) و (PCFI=0.827>0.60)، کە ئەمەش نیشان دادەدات پێوەرەکان بە گوێرەی چوارچێوەی تیۆری مەرجەکانی گونجاوبوونی بەدەستهێناوە ئەتوانین پشت بە ئەنجامەکانی ببەستین.

خشتەی (3): نیشاندەرەکانی گونجاوبوونی مۆدیلەکە نیشان دەدات

| Fitting indexes | RMSEA | CMIN/DF | PNFI | AGFI | PCFI | IFI | CFI |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Cut value | ≤0.08 | ≤3 | ≥0.60 | ≥0.80 | ≥0.60 | ≥0.90 | ≥0.9 |
| The model | 0.049 | 2.091 | 0.764 | 0.855 | 0.827 | 0.909 | 0.908 |

٤-٢ راستیەتی و جێگیری پێوەرەکان (Validity and Reliability)

بە مەبەستی دڵنیابوونەوە لە راستیەتی و جێگیری پێوەرەکەکان، تایبەتمەندییە سایکۆمەترییەکانمان لەسەر پێوەرەکان جێبەجێکرد کە هەنگاوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

**یەکەم: پێوەری ژینگەی قوتابخانە**

**راستیەتی بونیادی:** بە مەبەستی تاوتوێ کردنی راستیەتی بونیادی پێوەری ژینگەی قوتابخانە پەیوەستی برگەکانمان

لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان دەرهێنا کە وەکو لە خشتەی (5) دەردەکەوێت؛ لە هەموو ڕەهەندەکانی (ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی فیزیکی، کوالیتی فێربوون و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی) بڕگەکان لە نێوان (0.608 بۆ 0.825) پەیوەستیان لەگەڵ ڕەهەندەکەیان هەیە، ئەم بەهایەش بەڵگەدارە بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئاستی بەڵگەداری بچوکترە لە (0.05). بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە هەموو بڕگەکان ڕاستیەتی بونیادییان تێدایە.

خشتەی (4): پەیوەستی بڕگەکانی پێوەری ژینگەی قوتابخانە لەگەڵ تەوەرەکەیان نیشان دەدات

| | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژینگەی کۆمەڵایەتی | 1 | 0.671** | 3 | 0.701** | 5 | 0.680** |
| | 2 | 0.663** | 4 | 0.713** | | |
| ژینگەی فیزیکی | 1 | 0.608** | 3 | 0.764** | 5 | 0.814** |
| | 2 | 0.808** | 4 | 0.722** | | |
| کوالیتی فێربوون | 1 | 0.718** | 3 | 0.775** | 5 | 0.820** |
| | 2 | 0.821** | 4 | 0.721** | | |
| پاڵپشتی کۆمەڵایەتی | 1 | 0.783** | 3 | 0.825** | 5 | 0.667** |
| | 2 | 0.833** | 4 | 0.784** | 5 | 0.771** |

** P-Value<0.01 * P-Value<0.05

**جێگیری پێوەری ژینگەی قوتابخانە:** پێوەرەی ژینگەی قوتابخانە لە چوار ڕەهەند پێکهاتوە کە بریتییە لە (ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی فیزیکی، کوالیتی فێربوون، پاڵپشتی کۆمەڵایەتی). بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگای چۆنیەکی نێوخۆیی، سوودمان لە هاوکۆلکەی ئەلفای کرۆنباخ وەرگرت. وەکو لە خشتەی (6) دەردەکەوێت؛ بەهای ئەلفای کرۆنباخی ڕەهەندی ژینگەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە (0.711)، ڕەهەندی ژینگەی فیزیکی (0.799) کە بە ئاستێکی پەسندکراو لە جێگیری ئەژمار دەکرێت و هەروەها ڕەهەندی کوالیتی فێربوون بریتییە لە (0.825) و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە (0.868) کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری ئەژمار دەکرێن.

خشتەی (5): جێگیری بە ڕێگای چۆنیەکی نێوخۆیی پێوەری ژینگەی قوتابخانە نیشان دەدات

| ڕەهەند | بەهای ئەلفای کرۆنباخ | ژمارەی بڕگەکان | بڕگەی سڕاوە |
|---|---|---|---|
| ژینگەی کۆمەڵایەتی | 0.711 | 5 | - |
| ژینگەی فیزیکی | 0.799 | 5 | - |
| کوالیتی فێربوون | 0.825 | 5 | - |
| پاڵپشتی کۆمەڵایەتی | 0.868 | 6 | - |

## دووەم: پێوەری دەستکەوتی زانستی

**ڕاستیەتی بونیادی:** بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستیەتی بونیادی پێوەری دەستکەوتی زانستی لە ڕێگای هاوکۆلکەی پیرسۆن، پەیوەستی هەر بڕگەیەکمان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەی بەدەستهێنا کە وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت: لە هەردوو ڕەهەندی زانەکی و ڕەفتاریدا هەموو بڕگەکان پەیوەستێکی بەڵگەداری ئامارییان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان هەبوو ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-value<0.05). بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە هەموو بڕگەکان لە هەر دوو ڕەهەندەکە ڕاستیەتی بونیادی تێدایە.

خشتەی (6): پەیوەستی برگەکانی پێوەرەی دەستکەوتی زانەکی و رەفتاری بە کۆی تەوەرەکەیان نیشان دەدات

| رەهەندەکان | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زانەکی | 1 | 0.675** | 3 | 0.665** | 5 | 0.707** | 7 | 0.703** |
| | 2 | 0.647** | 4 | 0.609** | 6 | 0.757** | | |
| رەفتاری | 1 | 0.687** | 3 | 0.719* | 5 | 0.600** | 7 | 0.658** |
| | 2 | 0.680** | 4 | 0.633* | 6 | 0.716** | | |

**جێگیری پێوەرەی دەستکەوتی زانستی:** بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری بە رێگای چۆنیەکی نێوخۆیی، سوودمان لە ئەلفای کرۆنباخ وەرگرت، وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت، بەهای ئەلفای کرۆنباخ بۆ رەهەندی دەستکەوتی زانەکی بریتییە لە (0.806) و بۆ رەهەندی دەستکەوتی رەفتاری (0.793) کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری ئەژمار دەکرێت.

خشتەی (7): بەهای ئەلفای کرۆنباخی رەهەندەکانی پێوەری دەستکەوتی زانستی نیشان دەدات

| رەهەند | بەهای ئەلفای کرۆنباخ | ژمارەی برگەکان | برگەی سڕاوە |
|---|---|---|---|
| زانەکی | 0.806 | 7 | - |
| رەفتاری | 0.793 | 7 | - |

## ٥. خستنەڕووی ئەنجامەکان بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

### ئامانجی یەکەم: خستنەڕووی ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە (ژینگەی قوتابخانەو دەستکەوتی زانستی) لای نموونەی توێژینەوەکە:

ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی ئاستی هەر یەک لە رەهەندەکانی ژینگەی قوتابخانە و دەستکەوتی زانستی لای بەشدارانی نموونەکە. وەکو لە خشتەی (8) دەردەکەوێت:

١. **ژینگەی قوتابخانە:** ژینگەی قوتابخانە لە چوار رەهەندی (ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی فیزیکی، کوالیتی فێربوون و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی) پێکهاتوە کە وەکو خشتەی (8) دەربینرێت؛ ئاستی ژینگەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە (3.81) و کوالیتی فێربوون (3.91) کە نزیکە لە بژاردەی "رازیم". هەروەها رەهەندی ژینگەی فیزیکی بریتییە لە (3.36) و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی (3.53). ئەنجامەکانی سەروە نیشان دەدەن کە ئاستی رەزامەندی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و کوالیتی فێربوون بەرزترە لە رەزامەندی لە ژینگەی فیزیکی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی مامۆستایان لە خوێندکاران.

٢. **دەستکەوتی زانستی:** دەستکەوتی زانستی لە دوو رەهەندی دەستکەوتی زانەکی و دەستکەوتی رەفتاری پێکهاتەوە کە لە روانگەی قوتابیانەوە ئاستی رەهەندی دەستکەوتی زانستی بریتییە لە (3.87) و ئاستی دەستکەوتی رەفتاری بریتییە لە (3.86).

خشتەی (8): ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە لای بەشدارانی نموونەکە نیشان دەدات

| گۆڕاوەکان | | نزمترین دەرەجە | بەرزترین دەرەجە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|
| ژینگەی قوتابخانە | ژینگەی کۆمەڵایەتی | 1 | 5 | 3.81 | 0.777 |
| | ژینگەی فیزیکی | 1 | 5 | 3.36 | 1.107 |
| | کوالیتی فێربوون | 1 | 5 | 3.91 | 0.886 |
| | پاڵپشتی کۆمەڵایەتی | 1 | 5 | 3.53 | 1.062 |
| دەستکەوتی زانستی | دەستکەوتی زانەکی | 1 | 5 | 3.87 | 0.781 |
| | دەستکەوتی مەعریفی | 1 | 5 | 3.86 | 0.812 |

بەسەیر کردنی ئەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت کە تەواوی گۆڕاوەکان هەم لە ژینگەی قوتابخانە و هەمیش لەدەستکەوتی زانستی نزیکە لە بژاردەی رازیم) کە ئەمەش ئاماژەیە بە ئەوەی کە کاریگەریەکان بەڵگەدارن.تەواوی گۆراوەکان پشتراستکەرەوەی ئەوەن خوێندکاران و قوتابیان تا رادەیەکی بەرز دەکەونە ژێرکاریگەری ژینگەی خوێندنیان. ئەوەی جێگەی سەرنجە بر پێی ناوەندی ژمێرەیی کوالیتی فێربوون کە ئاستەکەی ٣.٩١ە نیشاندەری بەرزی کاریگەری ژینگەی قوتابخانەیە لەسەر کوالێتی فێربوون، بەدڵنیای وەک زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئاستی وەرگرتنی زانیاری لای خوێندکاران دەکەوێتە سەر ئەو ژینگەیەی بۆی فەراهەم دەکرێت. دوابەدوای ئەودەستکەوتی زانەکی کە رێژەی ناوەندی ژمێرەییەکەی ٣.٨٧ە ئاماژەیە بەوەی کە گونجاوی ژینگەی قوتابخانەکان هۆکارە بۆ دیاری کردنی تێکرای دەستکەوتی زانەکی کە ئەمەشبەڵگەداری داتاکان دەردەخات بۆ هەبوونی پەیوەندیەکی راستەوانە لە نێوان ژینگە و دەستکەوتی زانستی.

ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (الخليفة، ٢٠٠٩)یە کە تیدا ژینگەی قوتابخانەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە گونجاو نین و لای بەشدارانی نمونە جێگای ڕەزامەندی نیە، ئەگەرچی شێوازی نمونە وەرگرتنەکە و ئاڕاستەی توێژینەوەکە جیاوازە و ئەو توێژینەوەیە بە ئاڕاستەی چۆنایەتی و بەڕێگای چاوپێکەوتن و تێبینی کردن ئەنجام دراوە.

**ئامانجی دووەم: دیاریکردنی ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە (ژینگەی قوتابخانەو دەستکەوتی زانستی) بەگوێرەی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (رەگەز، پۆلی خوێندن، جۆری خوێندن، ئاستی خوێندەواری دایک و باوک):**

ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئاستی ژینگەی قوتابخانە (ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی فیزیکی، کوالیتی فێربوون و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی) و دەستکەوتی زانستی (دەستکەوتی زانەکی و دەستکەوتی رەفتاری) بەگوێرەی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان(رەگەز، پۆلی خوێندن، جۆری خوێندن، ئاستی خوێندەواری دایک و باوک)، بۆ ئەم مەبەستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ کران و ئەنجامەکانی خرانەڕوو:

**یەکەم: رەگەز**

بە مەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی دیمۆگرافی رەگەز لەسەر هەر یەک لە گۆراوە توێژینەوەکە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) بەکارهێنرا. کە وەکو لە خشتەی (9) دەردەکەوێت:

1. ژینگەی قوتابخانە: لە رەهەندەکان (ژینگەی کۆمەڵایەتی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی)دا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان رەگەزی نێر و مێ نیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو بچوکترە لە بەهای (t) خشتەی و هەروەها (P-Value>0.05). بەڵام لە رەهەندەکانی ژینگەی فیزیکی و کوالیتی فێربووندا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان رەگەزی نێرو مێدا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<0.05) هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی. ئەم جیاوازییەش لە رەهەندی ژینگەی فیزیکیدا لە بەرژەوەندی رەگەزی نێرە. بەڵام لە کوالیتی فێربووندا جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی رەگەزی مێیە.

2. دەستکەوتی زانستی: لە هەردوو رەهەندی دەستکەوتی زانەکی و رەفتاریدا؛ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان نێر و مێدا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<0.05) هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی. ئەم جیاوازییەش لە بەرژەوەندی رەگەزی مێیە.

خشتەی (9): رۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی رەگەز لەسەر ژینگەی قوتابخانەو دەستکەوتی زانستی نیشان دەدات

| گۆڕاو | رەهەند | رەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p- value | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژینگەی | ژینگەی کۆمەڵایەتی | نێر | 204 | 3.81 | 0.00 0. | 0.855 | 0.956 | 0.056 | 1.966 | بەڵگەدار نیە |
| | | مێ | 246 | 3.81 | | 0.708 | | | | |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژینگەی فیزیکی | نێر | 204 | 3.49 | 0.24 | 1.089 | 0.022 | 2.297 | 1.966 | بەڵگە دارە |
| | | مێ | 246 | 3.25 | | 1.113 | | | | |
| | کوالیتی فێربوون | نێر | 204 | 3.75 | 0.29 | 0.963 | 0.001 | 3.441 | 1.966 | بەڵگە دارە |
| | | مێ | 246 | 4.04 | | 0.795 | | | | |
| | پاڵپشتی کۆمەڵایەتی | نێر | 204 | 3.43 | 0.18 | 1.113 | 0.075 | 1.783 | 1.966 | بەڵگە دار نیە |
| | | مێ | 246 | 3.62 | | 1.013 | | | | |
| دەستکەوتی | دەستکەوتی زانەکی | نێر | 204 | 3.77 | 0.19 | 0.811 | 0.011 | 2.551 | 1.966 | بەڵگە دارە |
| | | مێ | 246 | 3.96 | | 0.747 | | | | |
| | دەستکەوتی رەفتاری | نێر | 204 | 3.70 | 0.28 | 0.890 | 0.000 | 3.670 | 1.966 | بەڵگە دارە |
| | | مێ | 246 | 3.98 | | 0.718 | | | | |

n= 450 df= 448

لە میانەی داتای سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت لە رەهەندەکان (ژینگەی کۆمەڵایەتی و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی)دا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان رەگەزی نێر و مێ نیە، کە دەر خەری ئەوەیە لایەنی کۆمەڵایەتی زیاتر کاریگەری ژینگە گشتیە کۆمەڵایەتیەکەی بەسەرەوەیە کە تێدا لایەنە رەگەزیەکانی یەکلا کردۆتەوە نەوەک ژینگەیەکی بچوکی وەک قوتابخانە کارگەریەکەی بگاتە ئەو رێژەیە. بەڵام لە رەهەندەکانی ژینگەی فیزیکی و کوالیتی فێربووندا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان رەگەزی نێرو مێدا هەیە، کە ئاماژەیە بەوەی رەگەزەکانی نێر و مێ بە ئاستی جیاواز دەکەونە ژێر کاریگەری قوتابخانە و کاریگەری لەسەر دەستکەوتەکانیان ئەمەش دەکرێت بۆ جیاوازی بایەلۆجی بێت کە هەردوورەگەز هەیانە سەبارەت بە وەڵامدانەوەیان بۆ ژینگەی گونجاو بۆ فێر بوون یاخود دەکرێت بە هۆی جیاوازی پەروەردەی نێرو مێبێت کە کاریگەری هەیە لەسەر دیاری کردنی باشترین ژینگە بۆ فێربوون. سەبارەت هەردوو رەهەندی دەستکەوتی زانەکی و رەفتاریدا؛ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان نێر و مێدا هەیە، بەجۆرێک دەستکەوتی زانەکی و رەفتاری لای رەگەزی مێ لە ئاستێکی بەرزتر دایە سەبارەت بە رەگەزی نێر، ئەمەش دەکرێت دووبارە بگەرێتەوە بۆسەر سروشتی بایەلۆجی مێیەکان یان شێوازی پەروەردەیان بۆ مامەڵە لەگەڵ ژینگەکانیان.

### ٢. پۆلی خوێندن

بە مەبەستی دەرهێنانی رۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی پۆلی خوێندن (دە، یازدە، دوازدە) لەسەر رەهەندەکانی ژینگەی قوتابخانەو دەستکەوتی زانستی (زانەکی و رەفتاری)، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا بەکارهێنرا وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت: لە رەهەندەکانی هەر دوو گۆڕاوەکەدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان پۆلەکانی دەو یازدەو دوازدەدا نیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value>0.05).

خشتەی (10): ژینگەی قوتابخانەو دەرسکەوتی زانستی بەگوێرەی پۆلی خوێندن نیشان دەدات

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژینگەی کۆمەڵایەتی | پۆلی دە | 161 | 3.78 | 0.783 | 0.767 | 0.465 بەڵگەدار نیە |
| | پۆلی یازدە | 145 | 3.87 | 0.758 | | |
| | پۆلی دوازە | 144 | 3.77 | 0.791 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.81 | 0.777 | | |
| ژینگەی فیزیکی | پۆلی دە | 161 | 3.38 | 1.143 | 0.141 | 0.868 بەڵگەدار نیە |
| | پۆلی یازدە | 145 | 3.37 | 1.003 | | |
| | پۆلی دوازە | 144 | 3.32 | 1.172 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | 450 | 3.36 | 1.107 | | |
| کوالیتی فێربون | پۆلی دە | 161 | 3.97 | 0.851 | 1.632 | 0.197 بەڵگەدار نیە |
| | پۆلی یازدە | 145 | 3.95 | 0.841 | | |
| | پۆلی دوازە | 144 | 3.80 | 0.961 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.91 | 0.886 | | |
| پاڵپشتی کۆمەڵایەتی | پۆلی دە | 161 | 3.46 | 1.097 | 0.662 | 0.516 بەڵگەدار نیە |
| | پۆلی یازدە | 145 | 3.55 | 1.061 | | |
| | پۆلی دوازە | 144 | 3.60 | 1.027 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.53 | 1.062 | | |
| دەستکەوتی زانەکی | پۆلی دە | 161 | 3.87 | 0.790 | 0.164 | 0.849 بەڵگەدار نیە |
| | پۆلی یازدە | 145 | 3.84 | 0.778 | | |
| | پۆلی دوازە | 144 | 3.89 | 0.781 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.87 | 0.781 | | |
| دەستکەوتی رەفتاری | پۆلی دە | 161 | 3.89 | 0.858 | 0.373 | 0.689 بەڵگەدار نیە |
| | پۆلی یازدە | 145 | 3.87 | 0.784 | | |
| | پۆلی دوازە | 144 | 3.81 | 0.789 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.86 | 0.812 | | |

بەسەرنجدان لە خشتەی 10 و رۆلی پۆلی خوێندن بۆمان دەردەکەوێت پۆلی خوێندن رۆڵێکی کاریگەری نیە لەسەر ژینگەی قوتابخانە و دەستکەوتی زانستی، چونکە پۆلەکان بە شێوەیەکی گشتی هەمان دیزاین و ژینگەیان هەیە و شێوازی رێکخستنیان نەگۆرە لەهەمان کات دا مامۆستایانی لە خوێندنگە ئامادەییەکان لە ژۆرێک وانە دەڵێنەوەی کە مامۆستای هەمان بابەت بۆ هەر سێک پۆل هەمان مامۆستا دەبێت بۆ نمونە مامۆستای بیرکاری بۆ پۆلی ١٠ و ١١ و ١٢ هەمان مامۆستایە ئەمەش رێژەی هەستکردن بە گۆرانکاری کەم دەکاتەوە و وادەکات هەرسێک پۆلەکە ژینگەیەکی هاوشێوە و تێکرای وەرگرتنی زانستی لەیەک نزیک بێت.

## ٣. ئاستی خوێندەواری باوک و دایک

بە مەبەستی دەرهێنانی رۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ئاستی خوێندەواری دایک و باوک لەسەر رەهەندەکانی ژینگەی قوتابخانەو دەستکەوتی زانستی (زانەکی و رەفتاری)، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One way ANOVA) بەکارهێنرا کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

أ) ئاستی خوێندەواری باوک: وەکو لە خشتەی (19) دەردەکەوێت:

١. سەبارەت بە ژینگەی قوتابخانە: لە رەهەندەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی، کوالیتی فێربوون و پاڵپشتی کۆمەڵایەتییدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئاستەکانی خوێندەواریدا نیە، ئەمەش بەسەرنجدان بەوەی کە (P-Value>0.05). بەڵام لە ئاستی ژینگەی فیزیکیدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری بەدی دەکرێت، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.016<0.05).

٢. دەستکەوتی زانستی: وەکو خشتەی (11) نیشان دەدات لە هەر دوو رەهەندەکەدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گرووپەکاندا نیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value>0.05).

خشتەی (11): ژینگەی قوتابخانەو دەرسکەوتی زانستی بەگوێرەی ئاستی خوێندەواری باوک نیشان دەدات

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F- test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژینگەی کۆمەڵایەتی | نەخوێندەوار | 42 | 3.83 | 0.748 | 0870. | 9860. بەڵگەدار نیە |
| | بنەڕەتی | 123 | 3.83 | 0.744 | | |
| | ئامادەیی | 101 | 3.81 | 0.786 | | |
| | پەیمانگەو زانکۆ | 130 | 3.78 | 0.794 | | |
| | خوێندنی باڵا | 54 | 3.79 | 0.840 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.81 | 0.777 | | |
| ژینگەی فیزیکی | نەخوێندەوار | 42 | 3.37 | 1.047 | 3.016 | 0.016 بەڵگەدارە |
| | بنەڕەتی | 123 | 3.12 | 1.211 | | |
| | ئامادەیی | 101 | 3.31 | 1.061 | | |
| | پەیمانگەو زانکۆ | 130 | 3.46 | 1.019 | | |
| | خوێندنی باڵا | 54 | 3.71 | 1.110 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.36 | 1.107 | | |
| کوالیتی فێربون | نەخوێندەوار | 42 | 4.01 | 0.860 | 1.621 | 0.168 بەڵگەدار نیە |
| | بنەڕەتی | 123 | 3.76 | 0.908 | | |
| | ئامادەیی | 101 | 3.99 | 0.832 | | |
| | پەیمانگەو زانکۆ | 130 | 3.89 | 0.893 | | |
| | خوێندنی باڵا | 54 | 4.06 | 0.917 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.91 | 0.886 | | |
| پاڵپشتی کۆمەڵایەتی | نەخوێندەوار | 42 | 3.65 | 0.878 | 1.008 | 0.403 بەڵگەدار نیە |
| | بنەڕەتی | 123 | 3.46 | 1.076 | | |
| | ئامادەیی | 101 | 3.49 | 1.008 | | |
| | پەیمانگەو زانکۆ | 130 | 3.50 | 1.123 | | |
| | خوێندنی باڵا | 54 | 3.77 | 1.108 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.53 | 1.062 | | |
| دەستکەوتی زانەکی | نەخوێندەوار | 42 | 3.91 | 0.715 | 1.964 | 0.099 بەڵگەدار نیە |
| | بنەڕەتی | 123 | 3.80 | 0.715 | | |
| | ئامادەیی | 101 | 3.75 | 0.841 | | |
| | پەیمانگەو زانکۆ | 130 | 3.93 | 0.856 | | |
| | خوێندنی باڵا | 54 | 4.07 | 0.629 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.87 | 0.781 | | |
| دەستکەوتی رەفتاری | نەخوێندەوار | 42 | 3.93 | 0.751 | 1.191 | 0.314 بەڵگەدار نیە |
| | بنەڕەتی | 123 | 3.79 | 0.748 | | |
| | ئامادەیی | 101 | 3.77 | 0.840 | | |
| | پەیمانگەو زانکۆ | 130 | 3.91 | 0.884 | | |
| | خوێندنی باڵا | 54 | 4.00 | 0.751 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.86 | 0.812 | | |

له سەرەنجامی خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاستی خوێندەواری باوک کاریگەریەکی ئەوتۆی نیە لەسەر ژینگەی قوتابخانە و دەسکەوتی خوێندن، ئەمەش رەنگە بگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە باوکان زیاتر سەرقاڵی کاری دەرەوەن و کەمتر بەرکەوتەیان لەگەڵ منداڵەکانیان دەبێت و کاتی کەمتر بە یەکەوەن.

ب. ئاستی خوێندەواری دایک:

١. سەبارەت بە ژینگەی قوتابخانە: لە رەهەندەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی، کوالیتی فێربوون و پاڵپشتی کۆمەڵایەتییدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئاستەکانی خوێندەواریدا نیە، ئەمەش بەسەرنجدان بەوەی کە (P-Value>0.05). بەڵام لە ئاستی ژینگەی فیزیکیدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری بەدی دەکرێت، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.003<0.05).

٢. دەستکەوتی زانستی: وەکو خشتەی (20) نیشان دەدات لە هەر دوو رەهەندەکەدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ئاستەکانی خوێندندا نیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value>0.05).

خشتەی (12): ژینگەی قوتابخانەو دەرسکەوتی زانستی بەگوێرەی ئاستی خوێندەواری دایک نیشان دەدات

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژینگەی کۆمەڵایەتی | نەخوێندەوار | 54 | 4.00 | 0.751 | 0.585 | 0.674 بەڵگەدار نیە |
| | بنەڕەتی | 450 | 3.86 | 0.812 | | |
| | ئامادەیی | 100 | 3.75 | 0.774 | | |
| | پەیمانگەو زانکۆ | 91 | 3.74 | 0.850 | | |
| | خوێندنی باڵا | 28 | 3.91 | 0.900 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.81 | 0.777 | | |
| ژینگەی فیزیکی | نەخوێندەوار | 90 | 3.06 | 1.132 | 4.119 | 0.003 بەڵگەدارە |
| | بنەڕەتی | 141 | 3.37 | 1.066 | | |
| | ئامادەیی | 100 | 3.25 | 1.133 | | |
| | پەیمانگەو زانکۆ | 91 | 3.63 | 1.039 | | |
| | خوێندنی باڵا | 28 | 3.73 | 1.115 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.36 | 1.107 | | |
| کوالیتی فێربون | نەخوێندەوار | 90 | 3.79 | 0.911 | 1.019 | 0.397 بەڵگەدار نیە |
| | بنەڕەتی | 141 | 3.96 | 0.880 | | |
| | ئامادەیی | 100 | 3.89 | 0.896 | | |
| | پەیمانگەو زانکۆ | 91 | 3.90 | 0.856 | | |
| | خوێندنی باڵا | 28 | 4.14 | 0.894 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.91 | 0.886 | | |
| پاڵپشتی کۆمەڵایەتی | نەخوێندەوار | 90 | 3.49 | 1.003 | 1.502 | 0.201 |
| | بنەڕەتی | 141 | 3.50 | 1.045 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئامادەیی | 100 | 3.58 | 1.066 | | بەڵگەدار نیە |
| | پەیمانگەو زانکۆ | 91 | 3.44 | 1.137 | | |
| | خوێندنی باڵا | 28 | 3.97 | 1.032 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.53 | 1.062 | | |
| دەستکەوتی زانەکی | نەخوێندەوار | 90 | 3.78 | 0.759 | 1.771 | 0.134 بەڵگەدار نیە |
| | بنەڕەتی | 141 | 3.79 | 0.773 | | |
| | ئامادەیی | 100 | 3.87 | 0.862 | | |
| | پەیمانگەو زانکۆ | 91 | 4.02 | 0.701 | | |
| | خوێندنی باڵا | 28 | 4.05 | 0.795 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.87 | 0.781 | | |
| دەستکەوتی ڕەفتاری | نەخوێندەوار | 90 | 3.84 | 0.751 | 0.608 | 0.657 بەڵگەدار نیە |
| | بنەڕەتی | 141 | 3.79 | 0.791 | | |
| | ئامادەیی | 100 | 3.91 | 0.839 | | |
| | پەیمانگەو زانکۆ | 91 | 3.86 | 0.834 | | |
| | خوێندنی باڵا | 28 | 4.02 | 0.944 | | |
| | کۆی گشتی | 450 | 3.86 | 0.812 | | |

لەمیانی ئەو خشتەی سەرەوە دوبارە دەردەکەوێت کە ئاستی خوێندەواری دایک کاریگەری ئەوتۆی نیە لەسەر ژینگەی قتابخانە و دەسکەوتی خوێندن، ئەمەش ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دایکان ئەوەندەی سەرقاڵی کار و دەوامی خۆیانن وە سەرباری ئەوەش بەرپرسیارەتی زۆریماڵیشیان لە ئەستۆیە ئەوەش وادەکات هێندە بە منداڵەکانیان ڕانەگەن.

**ئامانجی سێیەم: بەراورد کردنی ئاستی گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە (ژینگەی قوتابخانە و دەستکەوتی زانستی) بە پێی جۆری قوتابخانە (حکومی و ناحکومی)**

بۆ دیاریکردنی ئاستی ژینگەی قوتابخانەو دەستکەوتی زانستی بەگوێرەی جۆری قوتابخانە (حکومی و ناحکومی) لە ڕوانگەی قوتابیانەوە، تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) بەکارهێنرا. کە وەکو لە خشتەی (13) دەردەکەوێت:

١. لە هەموو ڕەهەندەکانی ژینگەی قوتابخانەدا (ژینگەی کۆمەڵایەتی، ژینگەی فیزیکی، کوالیتی فێربوون و پاڵپشتی کۆمەڵایەتیدا) جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان بۆچوونی قوتابیاندا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value<0.05) هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی. ئەم جیاوازییەش لە بەرژەوەندی قوتابخانە ناحکومییەکانە.

٢. دەستکەوتی زانستی: جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان قوتابیانی خوێندنگا حکومی و ناحکومییەکاندا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value=0.010<0.05) هەروەها بەهای (t) دەرهێنراو (2.575) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.966). ئەم جیاوازییەش لە بەرژەوەندی قوتابخانە ناحکومییەکانە. بەڵام لە ڕەهەندی دەستکەوتی ڕەفتاریدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان قوتابخانەی حکومی و ناحکومیدا نیە، ئەمەش ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (1.245) بچوکترە لە بەهای (t) خشتەی و هەروەها (P-Value=0.214>0.05).

**خشتەی (13): ئاستی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە بەگوێرەی جۆری قوتابخانە (حکومی و ناحکومی) نیشان دەدات**

| گۆڕاو | ڕەهەند | ڕەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | p-value | بەهای (ت) | | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ژینگەی قوتابخانە | ژینگەی کۆمەڵایەتی | حکومی | 225 | 3.70 | 0.22 | 0.772 | 0.003 | 3.024 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| | | ناحکومی | 225 | 3.92 | | 0.769 | | | | |
| | ژینگەی فیزیکی | حکومی | 225 | 2.86 | 1.00 | 1.039 | 0.000 | 10.762 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| | | ناحکومی | 225 | 3.86 | | 0.935 | | | | |
| | کوالیتی فێربوون | حکومی | 225 | 3.72 | 0.38 | 0.890 | 0.000 | 4.602 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| | | ناحکومی | 225 | 4.10 | | 0.843 | | | | |
| | پاڵپشتی کۆمەڵایەتی | حکومی | 225 | 3.35 | 0.37 | 0.998 | 0.000 | 3.767 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| | | ناحکومی | 225 | 3.72 | | 1.094 | | | | |
| دەستکەوتی زانستی | دەستکەوتی زانەکی | حکومی | 225 | 3.78 | 0.19 | 0.796 | 0.010 | 2.575 | 1.966 | بەڵگەدارە |
| | | ناحکومی | 225 | 3.96 | | 0.756 | | | | |
| | دەستکەوتی ڕەفتاری | حکومی | 225 | 3.81 | 0.10 | 0.784 | 0.214 | 1.245 | 1.966 | بەڵگەدار نیە |
| | | ناحکومی | 225 | 3.90 | | 0.837 | | | | |

df= 448 n= 450

لەمیانی خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لە نێوان قوتابخانە حوکمی و ناحوکمیەکان لەروی ژینگەی قوتابخانە و دەسکەوتی زانەکی، بەڵام جگە لە دەسکەوتی رەفتاری کە بەڵگەدار نیە. کە ئەمەش دەگەڕێتاوە بۆ جیاوازی لە جۆرو شێوازی پەروەردەکردن و رێگەدان بە خوێندکاران. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە ڕەهەندەکانی ژینگەی قوتابخانە وەک (ژینگەی کۆمەڵایەتی، فیزیکی، کوالیتی فێربوون و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی) لای قوتابیانی قوتابخانە ناحکومییەکان بەرزرە بە بەراورد بە قوتابخانە حکومییەکان. بە هەمان شێوە دەستکەوتی زانستی لای بەشداری نمونەی توێژینەوەکە لە قوتابخانە ناحکومییەکان بەرزترە. ئەمەش دەکرێت بە هۆی ئەوە بێت کە لە ئێستادا کێبرکێی لە نیوان قوتابخانەکان ناحکومییەکان هەیە بۆ ئەوەی سەرنجی زۆرێک لە خێزانەکان ڕاکێشن کە منداڵەکانیان لەو قوتابخانانە دابنن، بۆیە زۆر جار ئەنجامی کێبرکێ لە قازانجی موشتەری یا خوازیاری ئەو کاڵا و بابەتەیە کە لە لایەن ئەو ناوەندانە پیشکەش دەکرێت. هەروەها بە هۆی ئەوەی ئەو قوتابخانانە لایەنی مادی خۆیان لە کرێ خوێندنی قوتابیان دابین دەکەن، ئەمەش وادەکات هەبوونی لایەنی مادی باشتر گرینگیدانی زیاتری بەدوادابێت چ لە ڕووی باشترکردنی ژینگەی فیزیکی و ڕاهێنانی مامۆستا.

هەروەها ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (عثمان، ٢٠٢٣) دەرکەوت کە جیاوازی هەیە لە نیوان ژینگەی قوتابخانە و دەستکەوتی زانستی لای بەشداری نمونەی توێژینەوەکە، ئەگەرچی توێژینەوەکەی (عثمان) تەنها وانەی مێژوو وەرگیراوە، بەڵام دەرکەوتووە کە جیاوازی هەیە و قوتابیانی بەشداری نمونەی توێژینەوەکە لە قوتابجانە ناحکومییەکان ئاستی ڕەزامەندییان بەرزرە.

### ئامانجی چوارەم: دەستنیشانکردنی کاریگەری ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی

بە مەبەستی زانینی کاریگەریی ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی سوودمان مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling –SEM) وەرگرت کە بە پرۆگرامی ( AMOS – Analysis Moment Structures) جێبەجێ کراوە. مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە ڕەچەڵەکی ڕگرسیۆنی چەند گۆڕاوی. بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner) کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەڕەخسێنێ تاکو هاوکات کۆمەڵێ لە هاوکێشە ڕگرسیونییەکان جێبەجێ ( Ahmad and Saadi, 2024: 260). و کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاوستەوخۆکان دەست نیشان بکات (Saeed and et. Al, 2023: 5). بۆ ئەم مەبەستە دوو مۆدیلمان لە نێو پرۆگرامی ئامۆس جێبەجێ کرد (بڕوانە وێنەی خوارەوە)و داتاکانمان لەسەری بار (Load) کردو ئەنجامەکانمان تاوتوێ کرد کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

### یەکەم: کاریگەری ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی:

وەکو لە خشتەی (14) دەردەکەوێت، ژینگەی قوتابخانە بڕی (0.943) لادانی پێوەری کاریگەری لەسەر دەستکەوتی زانستی هەیە، ئەم کاریگەرییەش بەڵگەدار بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05). جۆری کاریگەرییەکە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە ژینگەی قوتابخانە، بڕی (0.943) لادانی پێوەری دەستکەوتی زانستی زیاد دەکات و بە پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە بە کەمبوونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە ژینگەی قوتابخانە بڕی (0.943) لادانی پێوەری دەستکەوتی زانستی کەم دەبێتەوە.

خشتەی (14): کاریگەری ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی نیشان دەدات

| جۆری کاریگەری | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| کاریگەری ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی | 0.943 | 0.000 |




مۆدیلی (١): کاریگەری ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی نیشان دەدات

وەک لەو ئەنجامەی خرایەڕوو و وەک ئاشکرایە ژینگەی قوتابخانە بە دڵنیاییەوە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی قوتابیای

زیاتر حەز بە خوێندن بکات و قوتابخانە و وانەکانی لا خۆشەویست بێت. بەتایبەتی لە ئێستادا کە پەروەردە بە سیستەمی مۆدێرن جەختی زیاتر لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە سەرجەم پێداویستییەکانی خوێندن فەراهەم بێت و چ ڕووی ژینگەی فیزیکی و ژینگەی کۆمەلایەتی وەک هەبوونی مامۆستای ڕاهێنراو و شارەزا کە هاوکار و پاڵپشت بێت بۆ قوتابی.

بە سەرنجدان بەوەی کە ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکان، بە مەبەستی دەرهێنانی جیاوازیی نێوان قوتابخانەی حکومی و ناحکومی مۆدیلەکەمان بۆ دوو بەشی دابەش کرد و پاشان داتاکانمان لەسەری بار (Load) کرد و جیاوازییەکانمان بەراورد کرد کە وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت بەهای (z-score) نەگەیشتوەتە ئاستی بەڵگەداری لە ئاستی (0.05) بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە لە کاریگەری ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستیدا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان قوتابخانەی حکومی و ناحکومیدا نیە.

خشتەی (15): کاریگەری ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی بەگوێرەی جۆری قوتابخانە (حکومی و ناحکومی) نیشان دەدات

| جۆری کاریگەری | حکومی | | ناحکومی | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی کاریگەری | P-Value | بڕی کاریگەری | P-Value | |
| کاریگەری ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زاستی | 1.001 | 0.000 | 0.905 | 0.000 | 0.424 |

Notes: *** p-value < 0.01; ** p-value < 0.05; * p-value < 0.10

لەمیانی خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کاریگەری ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەسکەوتی زانستی نیە ئەمەش ڕەنگە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ شێواز و ئەدای مامۆستایان، یان کەمتەرخەمی خوێندکاران کە بەراستی لە ئێستادا خوێندکار هێندەی خەریکی بەکارهێنانی مۆبایل و ئایپادن گرینگی بە خوێندن نادەن، ئەمەش دەکرێت هۆکار بێت .

## دووەم: کاریگەری ڕەهەندەکانی ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی

١. ڕەهەندی ژینگەی کۆمەلایەتی کاریگەری لەسەر دەستکەوتی زانستی هەیە، ئەم کاریگەرییەش بەڵگەدار بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.002<0.05). جۆری کاریگەرییەکە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە ژینگەی کۆمەلایەتی، بڕی (0.258) لادانی دەستکەوتی زانستی بەرز دەبێتەوەو بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

٢. ژینگەی فیزیکی، کاریگەرییەکی بەڵگەداری ئاماری لەسەر دەستکەوتی زانستی نیە، ئەمەش بە سەرەنجدان بەوەی کە (P-Value=0.857>0.05).

٣. ڕەهەندی کوالیتی فێربوون بڕی (0.245) لادانی پێوەری کاریگەری لەسەر دەستکەوتی زانستی هەیە، ئەم کاریگەرییەش بەڵگەدار بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05). جۆری کاریگەرییەکە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە کوالیتی فێربوون، بڕی (0.245) لادانی دەستکەوتی زانستی بەرز دەبێتەوەو بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

٤. ڕەهەندی پاڵپشتی کۆمەلایەتی بڕی (0.305) لادانی پێوەری کاریگەری لەسەر دەستکەوتی زانستی هەیە، ئەم کاریگەرییەش بەڵگەدار بە سەرنجدان بە ئەوەی کە (P-Value=0.000<0.05). جۆری کاریگەرییەکە ڕاستەوانەیە، واتە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە پاڵپشتی کۆمەلایەتی، بڕی (0.305) لادانی دەستکەوتی زانستی بەرز دەبێتەوەو بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

خشتەی (16): کاریگەری ڕەهەندەکانی ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی نیشان دەدات

| جۆری کاریگەری | بڕی کاریگەری | P-Value |
|---|---|---|
| کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی لەسەر دەستکەوتی زانستی | 0.258 | 0.002 |
| کاریگەری ژینگەی فیزیکی لەسەر دەستکەوتی زانستی | 0.011 | 0.857 |
| کاریگەری کوالیتی فێربوون لەسەر دەستکەوتی زانستی | 0.245 | 0.000 |
| کاریگەری پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لەسەر دەستکەوتی زانستی | 0.305 | 0.000 |




مۆدیلی (٢): کاریگەری ڕەهەندەکانی ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی نیشان دەدات

بۆ تێگەیشتن لە جیاوازیی نێوان جۆرەکانی قوتابخانە (حکومی و ناحکومی) لە نێو پرۆگرامی ئامۆسدا مۆدیلی (٢) بەسەر دوو لایەنی حکومی و ناحکومیدا دابەشکراو داتاکەیان لەسەر بارکراو (Load) ئەنجامەکان تاوتوێکران. وەکو لە خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت بەهای (z-score) لە هیچ یەک لە هێڵە ڕێگرسیۆنییەکاندا نەگەیشتوەتە ئاستی بەڵگەداری لە ئاستی (0.05) بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە لە کاریگەری ڕەهەندەکانی ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان قوتابخانەی حکومی و ناحکومی نیە.

خشتەی (17): کاریگەری ڕەهەندەکانی ژینگەی قوتابخانە لەسەر دەستکەوتی زانستی نیشان دەدات

| جۆری کاریگەری | حکومی | | ناحکومی | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی کاریگەری | P-Value | بڕی کاریگەری | P-Value | |
| کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی لەسەر دەستکەوتی زانستی | 0.297 | 0.021 | 0.195 | 0.087 | -0.593 |
| کاریگەری ژینگەی فیزیکی لەسەر دەستکەوتی زانستی | 0.025 | 0.770 | 0.049 | 0.624 | 0.187 |
| کاریگەری کوالیتی فێربوون لەسەر دەستکەوتی زانستی | 0.274 | 0.004 | 0.234 | 0.010 | -0.300 |
| کاریگەری پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لەسەر دەستکەوتی زانستی | 0.318 | 0.000 | 0.274 | 0.000 | -0.429 |

Notes: *** p-value < 0.01; ** p-value < 0.05; * p-value < 0.10

## ٦. دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

لە میانی ئەو ئەنجامانەی کە خرایەڕوو دەتوانی بە گشتی دەرئەنجامەکانی توێژینەوە بەم شێوەیە بخرێتەڕوو:

١. ئاستی ڕەزامەندی لە ژینگەی قوتابخانە لای بەشداراانی نمونەی توێژینەوەکە بەرزە، بەتایبەتی لە ڕەهەندی ژینگەی

کۆمەڵایەتی و کوالیتی فێربوون ئاستی ڕەزامەندییەکە بەرزترە. ئە ئەنجامەش جەخت لەسەر تیۆری ڤیگۆتسکی دەکاتەوە، کە بناغەی تیۆرەکە جەخت کردنە لە سەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامدا یارمەتیدەرە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن.

٢. ئاستی دەستکەوتی زانستی بە هەردوو ڕەهەندی (دەستکەوتی زانەکی و دەستکەوتی ڕەفتاری) لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە بەەرزە.

٣. سەبارەت بە گۆڕاوی دیمۆگرافی لە گۆڕاوی دەستکەوتی زانستی بۆمان دەرکەوت کە بە پێی ولامی بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە، دەستکەوتی زانستی لای ڕەگەزی مێ بەرزترە. ئەمەش جێگای سەرنجە و ئاماژەیەکی باشە، بە هۆی ئەوەی لە ڕابردوو خوێندنی کچان لای زۆریک لە خێزانەکانی کۆمەڵگای کوردی جێگای قبوڵ کردن نەبوو و زۆر گرنگی بە خوێندنی کچان نەدەدرا، بەڵام ئە ئەنجامانە وادەکەن هاندەی زیاتر بێت بۆ خێزانەکان کە زیاتر پاڵپشتی کچانیان بکەن لە پرۆسەی خوێندن و پەروەردە.

٤. ئاستی خوێندەواری دایک و باوک کاریگەریەکی ئەوتۆی نیە لەسەر ژینگەی قوتابخانە و دەسکەوتی خوێندن.

٥. جیاوازی هەیە لە نێوان قوتابخانە حوکمی و ناحوکمیەکان لەروی ژینگەی قوتابخانە و دەسکەوتی زانەکی، بەڵام جگە لە دەسکەوتی رەفتاری کە بەڵگەدار نیە. کە ئەمەش دەگەرێتەوەه بۆ جیاوازی لە جۆرو شێوازی پەروەردەکردن و ریگەدان بە خوێندکاران. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە ڕەهەندەکانی ژینگەی قوتابخانە وەک (ژینگەی کۆمەڵایەتی، فیزیکی، کوالیتی فێربوون و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی) لای قوتابیانی قوتابخانە ناحکومییەکان بەرزرە بە بەراورد بە قوتابخانە حکومییەکان. بە هەمان شێوە دەستکەوتی زانستی لای بەشداری نمونەی توێژینەوەکە لە قوتابخانە ناحکومییەکان بەرزترە. ئەمەش دەکرێت بە هۆی ئەوە بێت کە لە ئێستادا کێبڕکیی لە نیوان قوتابخانەکان ناحکومییەکان هەیە بۆ ئەوەی سەرنجی زۆرێک لە خێزانەکان ڕاکێشن کە منداڵەکانیان لەو قوتابخانانە دابنێن، بۆیە زۆر جار ئەنجامی کێبڕکێ لە قازانجی موشتەری یا خوازیاری ئەو کاڵا و بابەتەیە کە لە لایەن ئەو ناوەندانە پێشکەش دەکرێت. هەروەها بە هۆی ئەوەی ئەو قوتابخانانە لایەنی مادی خۆیان لە کرێ خوێندنی قوتابیان دابین دەکەن، ئەمەش وادەکات هەبوونی لایەنی مادی باشتر گرینگیدانی زیاتری بەدوادابێت چ لە ڕووی باشترکردنی ژینگەی فیزیکی و ڕاهێنانی مامۆستا.

٦. ژینگە قوتابخانە کاریگەری بەرچاوی لە سەر دەستکەوتی زانستی هەیە و هەرچەندە ئاستی ژینگەی قوتابخانە بە سەرجەم رەهەندەکانی بەرز بێت، ئەوا ئاستی دەستکەوی زانستیش بەرزتر دەبێتەوە. بۆیە زۆر گرنگە ناوەندە پەروەردەییەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان و ئاستی قوتابخانەکانیان بە تایبەتی لە قوتابخانە حکومییەکان گرنگی بە ژینگەی قوتابخانەش بدەن، ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردە کە زیاتر پاڵپشتی قوتابخانەکان بێت بەتایبەتی لە رووی مادی و دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابخانەکان بەمەبەستی بەرەوپێشچوونی ئاستی زانستی قوتابیان و هەروەها نەبوونی جیاوازی لە نیوان قوتابجانە حکومی و ناحکومییەکان. لەبەر ئەوەی ئەگەر وەزارەتی پەروەردە گرنگی بەو بابەتە نەدات، ئەوا دابەشکارییەکی چینایەتی دروست دەبێت و وادەکات ئەو خێزانانەی ئاستی مادديان باشە منداڵەکانیان لە قوتابخانە ناحکومییەکان دابنێن و لە داهاتوودا دەبینریت ئەو منداڵانە دەرفەتی زیاتریان دەبێت و کاریگەر لە سەر داهاتوویان و ژیانی پیشەییان دەبێت.

## سەرچاوەکان:

– رضایی، مەحموود سەعید. (2021) گونجاندنی تیۆری گریگۆری لەگەڵ کولتووری خۆجێیی: توێژینەوەیەک لە قوتابخانەکانی ئێران، گۆڤاری نێودەوڵەتی پەروەردەی بەراوردکاری، 15(3).

– عثمان , سەروین یوسن( 2022)پەیوەندی ژینگەی فێرکردن بە دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی لە قوتابخانە حکومی و تایبەتەکان لە بابەتی مێژوو، ماستەر نامە، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، کانونی یەکەم.

– عەزیز، سامان ڕەحمان. (2022) پەرەپێدانی پیشەیی مامۆستایان و جێبەجێکردنی تیۆری گریگۆری: توێژینەوەیەک لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری پەروەردەی مامۆستایان، 9(2).

– عەزیز، سامان ڕەحمان. (2022 ) پەرەپێدانی پیشەیی مامۆستایان و جێبەجێکردنی تیۆری گریگۆری: توێژینەوەیەک لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری پەروەردەی مامۆستایان، 9(2).
– فەرەجی،نەسرین کەمال(2020) کاریگەری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەر ژینگەی فێربوون: شیکردنەوەیەک بە پێی تیۆری گریگۆری، گۆڤاری تەکنۆلۆژیای پەروەردە، 11(4)
– کریمی، فاتمە رضا. (2019 ) تیۆرانینە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەروەردەی تایبەت لە ئێران: لێکۆڵینەوەیەکی چۆنایەتی، گۆڤاری کۆمەڵناسی پەروەردەی ئێرانی، 2(1).
– محەمەد، ڕێبوار سەلیم. (2023 ) بەشداری کۆمەڵایەتی و خۆبەخشی قوتابیان: توێژینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکانی ئێران، گۆڤاری کۆمەڵناسی پەروەردە، 14(2)
– الخطيب, محمد جلال (2004) ، المدخل الى التربية الخاصة، ط عمان، دار الفكر .
– الخليفه، مؤثر احمد عثمان (2009) ، البيئة المدرسية و علاقتها بالتحصيل الدراسي لطلاب المرحلة الاساسي بمحلية المتمة، رسالة ماجستير منشور، كلية دراسات العليا/ جامعة شذي – سودان.
– عابدين, محمد عبدالقادر (2001)الادارة المدرسية الحديثة، دار الشروق للنشر و التوزيع.
– قمرالدين، عبدالعظيم و خليفة، على أحمد ابراهيم( 2010)، واقع البيئة المدرسية بمرحلة تعليم الاساسي، دراسات التربوية(21)/2 210-253.
– المطوري, أسماء (2016)، مؤسسات الاجتماعية و دورها في تنمية قيم التربية البيئة, اطروحة دكتورا, مقدمة جامعة بسكرة, كلية العلوم الانسانية و الاجتماعية, قيم العلوم الاجتماعية, الجزائر .
– يحيناوى, ففيلة، و ديب الله, محمد (2022) ، المناخ المدرسى و علاقته بالمردود الدراسى للمتعلم فى المؤسسات التربوية، بحث منشور فى مجلة الباحث، فى العلوم الانسانية و الاجتماعية، المجلد (3), الجزائر .

- Ahmad, A. S. and Saadi, A. S. . (2024) “Family Environment Related to Social Tolerance Among Students of Koya University”, *Koya University Journal of Humanities and Social Sciences*, 6(2), pp. 252-264. doi: https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp252-264
- Ahmed , A. S. . and Barzinchi , A. A. S. . (2024) “The Relationship of Education to Coexistence”, Zanco Journal of Human Sciences, 28(SpB), pp. 302–319. doi: 10.21271/zjhs.28.SpB.15.
- Ahmed , A. S. ., & Barzinchi , A. A. S. . (2024). The Relationship of Education to Coexistence. Zanco Journal of Human Sciences, 28(SpB), 302–319. https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.15
- Gregory, H. (2009) 'Learning environments and student achievement: A systematic review', Educational Psychology Review, 21(1)
- Hattie, J. (2009) Visible Learning: A Synthesis of Over 800 Meta-Analyses Relating to Achievement. Routledge, London.
- Kunwar, S. (2021). Academic Performance: A Comparative Study between Public and Private Secondary Schools in Nepal. Master's thesis, Oslo Metropolitan University.
- Mahmood, D. O. . and Anwar, B. H. . (2024) “The Relationship Between Frustration and Forms of Violence Among Young People: From the Perspective Frustration Theories "Albert Cohen" And "John Dollard"”, *Koya University Journal of Humanities and Social Sciences*, 7(2), pp. 58-72. doi: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72
- Martinez, E. and Chen, Y. (2022) 'Diversity in educational systems', International Review of Education, 68(2).
- Pekrun, R., Frenzel, A. C. and Goetz, T. (2007) 'The Control-Value Theory of Achievement Emotions: An Integrative Approach to Emotions in Education', Emotion in Education, pp. 13-36.
- Saeed, A.H.A. and Ahmed, A.S., 2018. The relationship of globalization to the social movement-field study in Erbil. *Zanco Journal of Humanity Sciences*, *22*(2), pp.13-36.
- Wilson, A. (2017) Private schools: History and development. Oxford: Oxford University Press.
- York, T. T., Gibson, C. and Rankin, S. (2015) 'Defining and Measuring Academic Success', Practical Assessment, Research & Evaluation, 20(5), pp. 1-20.

**البيئة المدرسية وعلاقتها بالتحصيل العلمي:دراسة ميدانية في المدارس الثانوية الحكومية والأهلية في اربيل**

**ساكار انور محمد**
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-اربيل,إقليم كوردستان,العراق
sakaranwar880@gmail.com

**آرام ابراهيم حسين**
قسم علم الاجتماع، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين-اربيل,إقليم كوردستان,العراق
aram.hussen@su.edu.krd

**الملخص**
تهدف هذه الدراسة إلى تحديد مستوى البيئة المدرسية وعلاقتها بالتحصيل العلمي في المدارس الثانوية الحكومية والأهلية في أربيل. وقد أُجريت الدراسة بأسلوب كمي ووصفي من خلال المسح الاجتماعي والعينة. تكون مجتمع الدراسة من المدارس الثانوية الحكومية وغير الحكومية، والتي بلغ عددها 72 مدرسة حكومية و21 مدرسة غير حكومية. تم جمع عينة مكونة من 450 طالبًا وطالبة من خلال العينة العشوائية البسيطة، وكانت نسبة الذكور 45.3٪ ونسبة الإناث 54.7٪. وبعد جمع البيانات والمعلومات من مجتمع البحث وتطبيق الأدوات الإحصائية، تم التوصل إلى النتائج الأهم، وهي:أن مستوى الرضا عن البيئة المدرسية مرتفع بين المشاركين، لا سيما في الجانب الاجتماعي وجودة التعلم. كما أن مستوى التحصيل المعرفي في البعدين (التحصيل المعرفي والتحصيل السلوكي) مرتفع كذلك لدى أفراد عينة الدراسة. وفيما يتعلق بالمتغير الديموغرافي المرتبط بالتحصيل العلمي، تشير إجابات المشاركين إلى أن التحصيل العلمي أعلى لدى الإناث مقارنة بالذكور. مستوى تعليم الوالدين له تأثير ضعيف على البيئة المدرسية والتحصيل العلمي. توجد فروقات بين المدارس الحكومية وغير الحكومية من حيث البيئة المدرسية والتحصيل المعرفي، لكن هذه الفروقات لا تشمل التحصيل السلوكي بشكل موثق. للبيئة المدرسية تأثير كبير على التحصيل العلمي، فكلما ارتفع مستوى البيئة المدرسية بأبعادها المختلفة، ارتفع مستوى التحصيل العلمي. لذا، من الضروري أن تولي المراكز التعليمية اهتمامًا أكبر بالبيئة المدرسية بهدف رفع المستوى المعرفي للطلاب وتطوير مستوى المدارس، وخصوصًا في المدارس الحكومية.
**الكلمات المفتاحية:** البيئة المدرسية، الإنجازات العلمية، مدرسة، مدرسة عامة، المدارس غير الحكومية

**School Environment and its Relationship with Scientific Achievement: A Field Study in Public and Non-Governmental High Schools in Erbil**

**Sakar Anwar Muhammed**
Department of Sociology, College of Arts,
Salahaddin University -Erbil, Kurdistan Region, Iraq
sakaranwar880@gmail.com

**Aram Ibrahem Hussen**
Department of Sociology, College of Arts,
Salahaddin University -Erbil, Kurdistan Region, Iraq
aram.hussen@su.edu.krd

**Abstract**
This study aimed to determine the level of school environment and its relationship with scientific achievement in Erbil's public and private high schools. The research was conducted quantitatively and descriptively through a social survey and sampling. The study community consisted of public and non-governmental high schools, which had a total of 72 public schools and 21 non-governmental schools. A sample of 450 students was collected through simple random sampling, of which 45.3 percent were male and 54.7 percent were female. After collecting data and information from the research community and implementing the statistical tools of the research, the most important results were: The level of satisfaction with the school environment is high among the participants, especially in the social environment and learning quality. The level of cognitive achievement in both dimensions (cognitive achievement and behavioral achievement) is also high among the participants of the study sample. Regarding the demographic variable in the scientific achievement variable, according to the responses of the sample participants, scientific achievement is higher among females than males. Parental literacy level has little effect on the school environment and academic achievement. There are differences between public and non-public schools in terms of school environment and cognitive achievement, but other than behavioral achievement, that is not documented. The school environment has a significant impact on scientific achievement, and the higher the level of the school environment in all its dimensions, the higher the level of scientific achievement. Therefore, educational centers need to pay attention to the school environment to improve the knowledge level of students and the level of their schools, especially in public schools.
**Keywords:** The school environment, Scientific achievements, school, public school, non-governmental schools